# کشتوکاڵ لە هەرێمەکانی خوراسان و وڵاتی ئەودیو ڕووبار لە هەردوو سەدەی (٥-٦ک/١١-١٢ز)دا

م.ی. چیمەن علی یابە

بەشی مێژوو/کۆلیژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر
Chiman.yaba@su.edu.krd

پ.د. اکو برهان محمد

بەشی مێژوو/کۆلیژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر
Ako.muhamad1@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوە، لە ژێر ناوی (کشتوکاڵ لە هەرێمەکانی خوراسان و وڵاتی ئەودیو ڕووبار لە هەردوو سەدەی ٥-٦ک/١١-١٢ز)، لە سێ تەوەری سەرەکی پێک هاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە زەویی کشتوکاڵی و ڕۆڵی لە زۆربوونی بەرهەمدا دەیکەین، تیشک خراوەتە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان و ڕۆڵی بەپیتی خاک لە زیادکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان کراوە، تەوەری دووەمیش تەرخان کراوە بۆ باسکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، وەک میوەجات و دانەوێڵە و چەند بەرهەمێکی تری کشتوکاڵی لە هەردوو هەرێمەکەدا، هەروەها لە تەوەرەی سێیەمدا تیشک خراوەتە سەر جۆراوجۆریی خاوەندارییەتیی زەوییە کشتوکاڵییەکان.

کلیلەوشە: کشتوکاڵیکردن، بەرهەم، خاک، زەوی، کەشوهەوا، بەپیتیی خاک.

١. پێشـــەکی:لێرەدا ئێمـــە بـــاس لـــە لایەنێکـــی گرنگـــی ئابـــووری بـــە تایبـــەت کشـــتوکاڵ لـــە هـــەردوو هەرێمـــی خوراسـان وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار لـە هـەردوو سـەدەی پێنجـەم و شەشـەمی کۆچـی (یـازدە و دوازدەی زایینـی) دەکەیـن، لەبـەر ئـەوەی لێکۆڵینـەوە لـە بـواری ئابـووری، بابەتێکـی گرنگـی ئـەم سـەردەمەیە، لـەم نێوەنـدەش کشـتوکاڵکردن، بـە تایبـەت کشـتوکاڵیکردن و زەویـی کشـتوکاڵی، ڕۆڵـی لـە زۆربوونـی بەرهەمـی کشـتوکاڵیدا هەبـووە، سـەرەڕای بەپیتیـی خـاک و زەوییـە کشـتوکاڵییەکان، ئەمـەش لـە جۆراوجۆریـی بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکان ڕەنگـی داوەتـەوە، لەبـەر ئـەوەی بەپیـت و بەرەکەتـی پێوەندیـی ڕاسـتەخۆی بـە خاکـەوە هەیـە، بۆیـە بـە پێویسـتمان زانـی توێژینـەوە لـە بـواری کشـتوکاڵ لـەم دوو ناوچەیـە بکەیـن، لەبـەر ئـەوەی توێژینـەوەی زۆر کـراوە لـە بـواری سیاسـی، تەنانـەت مێژوونووسـانیش بایـەخ و گرنگیـی زۆریـان بـەم بـوارە داوە و کەمـتر پەرژاونەتـە سـەر بـواری ئابـووی بـە تایبـەت کشـتوکاڵ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بەشـێکی زۆر لـە گەڕێـدەکان و وڵاتناسـان، بـە تایبـەت ئەوانـەی بەشـێکی زۆری ژیانیـان سـەرقاڵی گەشـتکردن بـوون، سـەرەنجام لـە کتێبـە بلدانییەکانیانـدا ئاماژەیەکـی باشـیان لـە گەشـتەکانیان بـۆ ئـەم بابەتـە کـردووە، لـە سـەردەمەکانی دواتریـش بایـەخ و گرنگیـی زۆر بـە مێـژووی ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی داوە، بەتایبـەت هـەردوو هەرێمـی خوراسـان و وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار. هـۆکاری هەڵبژاردنـی ئـەو ناونیشـانە، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کشـتوکاڵ سـامانێکی گرنـگ و سـەرچاوەی سـەرەکی و کاریگـەرە لـە پێشـکەوتن و گەشـانەوەی کۆمەڵگـە و بوژانـەوەی میللـەت، لـە هەمـان کاتـدا کشـتوکاڵ گەشـانەوەی بەرچـاوی بـە خۆیـەوە بینـی لـە هـەردوو سـەدەی پێنجـەم و شەشـەمدا، سـەرەڕای گرنگیـی بایەخپێدانـی لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی ناوچەکـە، وێـڕای ئـەو بایـەخ و گرنگییـەی کشـتوکاڵ لـە فەراهەمکردنـی ژیانـی خەڵکـی هـەردوو هەرێمەکـە هەیبـووە، کەچـی لـە چوارچێـوەی توێژینەوەیەکـی ئەکادیمیـی تایبەتـی بـۆ تەرخـان نەکـراوە، لـە کاتێکـدا ئەگـەر بـاری سـەرنج بخەینـە سـەر ئـەم بـوارە، هەسـت دەکەیـن کـە شـتێکی ئەوتـۆی لـە بابەتەکانـی تـر کەمـتر نەبـووە، کـە لـە نێـو توێژینـەوە ئەکادیمییەکانـدا شـوێنیان کراوەتـەوە. سـەبارەت بـە ڕێبـازی لێکۆڵینـەوە، بـە گوێـرەی تایبەتمەنـدی و سرووشـتی زانسـتی لێکۆڵینەوەکـە، سـوود لـە ڕێبازەکانـی وەسـفی و شـیکاری و هەڵسـەنگاندنی مێژوویـی بیـنراوە، چونکـە بابەتەکـە جگـە لـە باسـکردنی بوارێکـی ئابووریـی مێژوویـی، هەروەهـا بەدیارخسـتنی تـەواوی لایەنەکانـی ئـەم بابەتـە، لەگـەڵ ئـەوەش ڕەچـاوی شـێوازی زانسـتی وەرگرتـن و داڕشـتنەوەی دەقـە مێژووییـەکان کـراوە.. ئـەم توێژینەوەیـە، لـە سـێ تـەوەری سـەرەکی پێـک هاتـووە، هـەر تەوەرێـک دابەشـی چەنـد باسـێک کـراوە، لـە تـەوەری یەکەمـدا، بـاس لـە زەویـی کشـتوکاڵی و ڕۆڵـی لـە زۆربوونـی بەرهەمـدا تیشـک خراوەتـە سـەر زەویـی کشـتوکاڵی و ڕۆڵـی بەپیتیـی خـاک و زەوییـە کشـتوکاڵییەکان لـە زیادکردنـی بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکان کـراوە، تەرخـان کـراوە بـۆ باسـکردنی بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکان، وەک میوەجـات و دانەوێڵـە و چەنـد بەرهەمێکـی تـری کشـتوکاڵی لـە هـەردوو هەرێمەکـەدا، هەروەهـا لـە تـەوەرەی سـێیەم تیشـک خراوەتـە سـەر جۆراوجۆریـی خاوەندارییەتیـی زەوییـە کشـتوکاڵییەکان.لە نووسـینی ئـەم توێژینەوەیـەدا، سـوود لـە زۆر سـەرچاوە و ژێـدەر وەرگیـراوە، ئـەوەی لـە هەموویـان زیاتـر سـوودمان لـێ بینیبێـت، کتێبـە بولدانییـەکان بـووە، لەوانـە کتێبـی مسـالک الممالـک، ابـی اسـحاق ابراهیـم بـن محمـد الاصطخـری (م٣٤١ک/٩٥١ز) یەکێکـە لـە کتێبـە وڵاتناسـە زۆر بـە بایەخـەکان وەک سـەرچاوەیەکی سـەرەکی لـە توێژینەوەکەمـان پشـتمان پێـی بەسـتووە، بەهـۆی ئـەوەی نووسـەر خـۆی سـەردانی هـەردوو هەرێمەکـەی کـردووە، کـە لـە پێشـەکیی کتێبەکەیـدا نووسـەر جیهانـی ئیسلامی دابەشـی سـەر چـوار ناوچـەی سـەرەکی کـردووە لەوانـە: ناوچـەی چیـن و ڕۆم و هینـد و ناوچـەی ئیسـلامی، سـەبارەت بـە ناوچـەی ئیسـلامی باسـی شـارە گەورەکانـی کـردووە لـە ڕووی جوگرافـی و هەڵکەوتـەی سروشـتی و ڕێگەوبانەکانـە لـە تـەواوی لیکۆلینەوەکەمـان سـوودمان لێـی وەرگرتـووە، هەروەهـا کتێبێکـی تـر کـە سـوودمان لێوەی بینێبێـت ئـەوا کتێبـی صـورة الارض، ابـی القاسـم نـاسراوە بـە ابـن حوقـل(م٣٦٧ک/٩٧٧ز)، سـەرباری ئـەوەی نووسـەر خـۆی سـەردانی هەرێمەکـەی کـردووە، لـە هەمـان کاتـدا زیاتـر زانیارییەکانـی زۆر ورد و ڕوون

بــووە لــە بــارەی هــەردوو هەرێمەکــەدا، هەروەهــا کتێبــی أحســن التقاســیم فــی معرفــة الاقالیــم محمــد بــن احمــد المقدســی(م٣٨٠ک/٩٩٠ز)، بــە یەکێــک لــە کتێبــە جوگرافییــە گرنگــەکان هەژمــار دەکرێــت، لەبــەر ئــەوەی بــە وردی باســی بــواری ئابــووری بەتایبەتــی کشــتوکاڵیکردنی ئــەم هەرێمانــەی کــردووە، ســەرباری بەدیارخســتنی بابەتــی کانزایــی ناوچــەکان، کتێبــی معجــم البلــدان شــهاب الدیــن أبــی عبداللــه یاقــوت الحمــوی(م٦٢٦ک/١٢١٢ز)، بــە هەمــان شــێوە یەکێکــە لــە کتێبــە پــڕ بــە بایەخــەکان لــە دەرخســتنی زانیارییــەکان لــە بــارەی هــەردوو هەرێمەکــەدا، بەتایبــەت کــە هاوســەردەمی بابەتەکــەی ئێمــە بــووە.

ســەرەڕای ســوودبینینمان لــە هەندێــک کتێبــی مێــژووی گشــتی، بەتایبــەت تاریــخ بخــاری ابــی بکرمحمــد بــن جعفرالنرشــخی(م٣٤٨ک/٩٥٩ز)، گرنگــی ئــەم کتێبــە بەباســکردنی پیشەســازی و بازرگانــی و ئــەو پــارەی لــەو ســەردەمەدا بەکارهاتــووە جیــا دەکرێتــەوە، تاریــخ البیهقــی ابــی الفضــل محمــد بــن حســین البیهقــی(م٤٧٠ک/١٠٧٧ز)، کتێبێکــی گرنگــی بــواری مێــژووی هــەردوو هەرێمەکــە بــاس دەکات کــە تیشــکی خســتووەتە ســەر ڕووداوە مێژووییەکانــی ناوچەکــە، هەروەهــا الکامــل فــی التاریــخ، عزالدیــن ابــو الحســن نــاسراو بــە ابــن الاثیــر(م٦٣٠ک/١٢٣٢ز)، یەکێکــی تــرە لــەو کتێبــە مێــژوو گشــتییەکان زانیاریــی زۆری گرنگــی ســەبارەت بــە هــەردوو هەرێمەکــەی تێدایــە کــە بــاس لــە ڕووداوە مێژووییەکانــی هــەردوو هەرێمەکــەی کــردووە، لــە هەمــان کاتــدا ســوودمان لــە هەندێــک زانیــاری وەرگرتــووە کــە لــە ســەرچاوە مێژووییەکانــی تــر نەبــووە، ئەمانــە بووەتــە ســەرچاوەیەکی ســەرەکی ئــەم توێژینەوەیــە، ســەرەڕای ئــەوەی ســەرچاوەیەکی دیکــەی بابەتەکــە ژێدەرەکانــن، ســوودی زۆرمــان بینــی لــە هەندێــک لــە ژێــدەرەکان بــە تایبــەت ئەوانــەی پێوەندییــان بــە بابەتەکــەی ئێمــەوە هەبــووە، لەوانــە بلــدان الخلافــە الشرقیــة- کــی لســترنج و کتێبــی ترکســتان- بارتولــد ودراســات فــی تاریــخ الحضــارة الاسلامیة عبدالفتــاح عاشــور واخــرون و خراســان فــی العــصر الغزنــوی- محمــد حســن العــمادی و تاریــخ بخــاری- ارمینیــوس فامــبری لــە کۆتاییــدا، ئــەم توێژینــەوە وەک هــەر توێژینەوەیەکــی دیکــە، لــە هەڵــە و کەموکــوڕی بــە دەر نییــە، ئەگەرچــی هەوڵــی زۆرمــان داوە، تــا دەکرێــت لــەم هەڵانــە بــە دوور بیــن، هیــوادارم خزمەتێکــی زانســتیمان لــەم بابەتــەوە پێشــکەش کردبێــت.

٢. زەویی کشتوکاڵی و ڕۆڵی لە زۆربوونی بەرهەمدا:

٢. ١.زەویــی کشتوکاڵی:کشــتوکاڵیکردن بەیەکێــک لــە ڕەگــەزە بنــەڕەتی و ســەرەکییەکانی ئابــووری لــە هــەردوو هەرێمەکــەدا دادەنرێــت، بەپیتیــی خــاک هــۆکاری ســەرەکی گەشەســندنی ئابوورییــە لەبــەر ئــەوەی کشــتوکاڵی هەرێمــی خوراســان بەشــێوەیەکی گشــتی هەمەچەشــنە بــووە (غودفــروا،١٩٦٥،ص٢٠٥)، ئــەم جــۆرە کشــتوکاڵییە بــۆ ئاســانیی چانــدن و گونجــانی کەشــوهەواکەی دەگەڕێتــەوە، ســەرەڕای فرەوانیــی ناوچەکــە و زۆریــی ئاوەکــەی، ســەرەڕای کەشــوهەوای هەرێمــی بــلاد مــاوراء النهربوونــی ڕووبارەکانــی ســیحون و جیحــون کــە بــە ڕووبــارەکانی بەهەشــت نــاسراون کــە خــودا بــەم هەرێمــەی داوە (کــي لســترنج،١٩٥٤، ص٤٧٧). بەشــێکی زۆر لــە مێژوونووســان و وڵاتناســان و ئــەو کەســانەی لــە بــواری جوگرافیــا شــارەزییان هەبــووە، بــاسی خــاک و زەوییــە کشــتوکاڵییەکانی ناوچەکەیــان کــردووە و ناســاندوویانە، بەتایبــەت لەبــارەی بەپیتیــی خاکەکــەی، لەوانــە یاقــوت الحمــوی ئامــاژەی بــۆ بەپیتیــی خاکــی وڵاتــی ئەودیــو ڕووبــار کــردووە کــە خاکەکــەی زیــاد لــە پێویســت بەپیــت و بەرەکــەت بــاس کــردووە، هەروەهــا بــاسی دەوڵەمەندیــی ســامانی سروشــتی هەرێمەکــەی کــردووە (١٩٩٦،ج٤، ص٩٩)، بــۆ نموونــە شــاری کیــش ڕووبەرەکــەی ســێ فەرســەخە[1]، بەپیتــی و دەوڵەمەنــدی و بــەرزی پلــەی گەرمییەکــەی وا دەکات بەرهەمــەکانی زووتــر پــێ بــگات لەتــەواوی شــارەکانی تــری هەرێمــی وڵاتــی ئەودیــو ڕووبــار بەرهەمەکــەی هەنــاردەی شــارەکانی بوخــاراو ســەمەرقەند بکرێــت، ئەمــەش وایکــردووە لــە شــارەکانی تــر جیابکرێتــەوە (قــري،٢٠٠٧، ص١٦٠).

هەرچەنــدە شــارەکانی هەرێمــی وڵاتــی ئەودیــو ڕووبــار هــەروەک چەنــد شارناســێکی ئــەو ســەردەمە بــە یەکێــک لــە باشــترین خاکــەکانی خــوا لەســەر ڕووی زەوی هەژمــاری

١. فەرسەخێک یەکسانە بە(٦)کیلۆمەتر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(محمد،٢٠٠١، ص٥٤).

دەکەن (البلخي، ٢٠٠٩،ص ١١٢ ؛ قدامة بن جعفر، ١٩٨١، ص٢٤٣)، بووەتە جێگەی سەرەنج و تێڕامانی گەڕیدە و جوگرافیناسە موسڵمانەکان کە باس لە دەوڵەمەندی و بەپیتیی خاکی هەردوو هەرێمەکە بکەن، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی سەرەنجە، دەبینین بەشێکی زۆریان زیاتر وەسفی شارەکانی هەرێمی خوراسانیان کردووە لە ڕووی دەڵەمەندی و گونجاوی کەشوهەواکەی وخاکەکەی بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، هەروەک باسی شاری نیسابورو مرو بەباشترین ئەو زەوییانە وەسف کراوە کەکەڵکی لێ وەردەگیردرێت بۆ چاندنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان (ابن خرداذبة، ١٨٨٩، ص١٧٢)، شارەکانی هەرێمی خوراسان بە زەوی بەپیت و فرەوان ناوزەندکراون (الاصطخري،١٩٦٥، ص ٨٥)، بە خێروبێرترین خاکی خوا لە ناوچەکە دانراوە (القزويني، ٢٠١٣،ص ص ٣٦١-٣٦٢)، خەڵکەکەشی بەو شێوەیە لەلایەن مقدسی وەسف کراوە (دەوڵەمەندەکان لە ژیاندا سەلامەتن، بەڵام هەژارەکان وەک ئەوەی لە ژێر تەم و هەوردا بن وایە، لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندەکان لەو شارانەدا دەژین کە هیچ خاکێکی خراپ و بەتاڵی تێدا نییە) (٢٠٠٣، ص ص ٢٦١، ٢٦٦، ٢٦٧).

لە ئەنجامی ئەو باسانەی لە سەرەوە کە بۆ خاکی هەرێمی خوراسان کراوە، دەتوانین بڵێین گەورەترین ڕێژەی خاکی هەرێمەکە گونجاو بووە بۆ ئەنجامدانی کاری کشتوکاڵ و چاندن، لەبەر ئەوەی بەپیت و بەرەکەتی خاک لە هەموو بارودۆخێکدا دەبێتە هۆی برەودان بە کەرتی کشتوکاڵی و چاندن و گەشانەوەی زیاتر و دەسکەوتی زیاتری ئەم لایەنە، سەرەڕای ئەوەی ڕاهاتنی خەڵکی و ئاشنابوون بە سروشتی خاک و زەوی و شارەزابوون تێیدا وا دەکات هێندەی تر بەرهەمی زەوییە کشتوکاڵییەکان زیاتر بێت، هەرچەندە بەپێی ئەو باسانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ داوە، لەگەڵ ئەوەشدا جیاکارییەکمان لە بەپیتیی خاک لە هەلەردوو هەرێمەکە کە بۆمان بەدیاردەکەوێت، خاکی هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار لە بەپیترین و پڕ بەرهەمترین خاکەکانی هەرێمە ئیسلامیەکان دانراوە(البلخي، ٢٠٠٩، ص١٢٥)، سەرباری ئەوەش خەڵکی ئەم هەرێمە ئەزمونی دورودرێژیان لەگەڵ کاری کشتوکاڵیدا هەبووە، لە هەمان کاتدا بوونی ئاوی پێویست کە گاریگەری گەورە و ڕاستەخۆی لەسەر گەشەسەندنی ئەم کەرتەو چالاکیە کشتوکاڵییەکان هەبووە (سرور،١٩٧٦، ص ص ١٢٥-١٢٦).

٢.٢. ڕۆڵی بەپیتیی خاک و زەوییە کشتوکاڵییەکان لە زیادکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا:هەردوو هەرێمی خوراسان وڵاتی ئەودیو ڕووبار سەرباری سەرچاوە ئاوییەکەی، هاوکات بەهۆی زۆریی دەستی کاری دانیشتوانەکەی وای کردبوو ئەم دوو هەرێمە شوێن و پێگەیەکی دیاری لە بواری ئابووریدا هەبێت، بەتایبەت لە بواری دەستکەوتی کشتوکاڵی زۆری بەرهەمهێنان، هانی ناوچەکانی دەوروبەری بدات و دەرفەتی کاریان بۆ فەراهەم بکەن (الخفاجي،١٩٨٩، ص ص ٣٠-٣١)، خاڵی سەرەکی لە زیادکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بریتییە لە باشکردنی سیستەمی ئاودێریی جۆراوجۆر، ئەمەش بۆ دەوڵەمەندیی خاکی هەردوو هەرێمەکە دەگەڕێتەوە، کە بووەتە هۆی ئەوەی لە ڕووی بەرهەمەوەش دەوڵەمەند بێب، بەتایبەت لە بواری چاندنی دانەوێڵە و گەشەسەندنی زۆری باغ و بێستان و چاندنی میوەجات (الجبراني، ٢٠١٥،ص ٢٠٠)، فرەوانیی ڕووبەری هەرێمی خوراسان وڵاتی ئەودیو ڕووبار بەڵگەیە لەسەر زۆریی بەرهەم، زەویی کشتوکاڵی و باغ و بێستانی شاری سەمەرقەند بەناوبانگ بووە بەتایبەت لە ڕووی زۆریی دار و درەخت، بەرهەمی میوە، بۆ زۆریی ڕووبار و سەرچاوەکانی ئاوی بێستانەکانی کە بەشێکی زۆری ڕووبەری ناوچەکەی گرتبووەوە تەنانەت باخچە و چاندنی دار و درەخت لە هەموو ماڵێکدا هەبووە، کە سیمای شارەکە وەکوو قەڵایەکی سەوز خۆی نیشان دەدا، لەبەر زۆری و چڕیی سەوزایی و زۆریی داری بەری (سمرقندی، ١٣٣٨ش،ص١٢؛شریف، ٢٠١٩،ص١٩٦)، بەروبوومی باشی هەبووە، بەڵگەش بۆ زۆریی بەرهەمی ئەو ئەو زەوییانەی کە بەروبوومی زۆری لە شارەکەدا هەبوو بۆ نموونە یەک قەفیز[٢] بەرهەمەکەی دەگەیشتە سەد قەفیز لەم شارەدا, هەروەها خاکی ابغر یەکێکە لەگوندەکانی

٢. قەفیز: جۆریکە لەجۆرەکانی پیوانە بۆکیش و پیوانەی زەوی بەکاردیت بۆکیش دەکاتە ٣٣ لیترونزیکەی ٢٦کیلۆ گرام، بەلام سەبارەت بەزەوی

شاری سەمەرقەند، ناوچەیەکی بڕ بەرهەم بووە، چاندن و تۆوکردنی قەفیزێک زیاتر لە سەد قەفیزی لە بەرهەمەکەی زیاتر دەبوو، هەروەها ابیورد یەکێکە لە شارە کشتوکاڵییە گرنگەگان لە ڕووی بەپیت و بەرەکەتیی خاکەکەی و زۆریی کێڵگەی کشتوکاڵی و زۆرترین بەرهەمی دانەوێڵەی تێدا بووە (الحموي،١٩٩٦،ج٢، ص ص٧٠، ١٤٤)، بەپیت و بەرەکەتیی زەوییەکانی شاری مرو لەوەدا بوو چاندن و تۆکردنی دانەوێڵە بە تایبەتی گەنم کە ساڵانە بەرهەمەکەی لەگەڵ تۆوکردنی زیاتر دەبوو (المقدسی،٢٠٠٣،ص١٧٧؛كي لسترنج،١٩٥٤، ص ٤٤٥).

بەپیت و بەرەکەتیی خاکی هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار بۆ هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و گونجاوی لە باری کەشوهەواکەی دەگەڕێتەوە کە بووەتە باشترین شوێن بۆ چاندن و کشتوکاڵکردن، باغ و بێستان بە فەروانی لە هەرێمەکە بڵاو بوونەتەوە، وەک فرغانە و شاش و اشروسنە و تەواوی هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار (القزويني، ٢٠١٣،ص ٥٧٧)، فرغانە یەکێک بوو لەو شارانەی بە زۆریی بەرهەم و زۆریی باغ و بێستان ناسراوە، لە هەمان کاتدا اخسیکث یەکێک بوو لە ناوچە گرنگەگانی فرغانە بەشێوازێکی زۆر جوان لەلایەن یاقوت الحموی وەسف کراوە لە دێڕە شعرێکدا (لەگەڵ بەپیتی خاکەکە، خوای گەورە ڕێز و بەخشندەیی بە شاری ئەخسیکس داوە...)(١٩٩٦،ج٣، ص١٠٤)، هەروەها باس لە هەرێمی شاش کراوە لە ڕووی بەپیتییەوە بە بەرەکەترین خاکەکان ناو براوە، هەروەها بە شێوەیەک کە نە لە هەرێمی خوراسان وهەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار بەم شێوەیە زەوی فرەوانەی لێنیە کە بە پڕ برشترین خاکی هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار دانراوە (ابن حوقل، ٢٠٠٩، ص ص ٣٨٥، ٣٩٢).

سەبارەت بەشاری بخاری بەیەکێک لەو شارانە دادەنرێت کە بەهۆی بەپیتیی خاکەی وای کردوە زۆربەی بەرهەمەکانی دانەوێڵەی وەکوو گەنم و جۆ و برنج ونیسک و نۆک وکونجی وچەند دانەوێڵەیەکی تری لێ بچێنرێت بەرهەمیان زۆر بێت، بەهۆی زۆری پڕ شتی خاکەی وبەرەکەتەکەی بووەتە هۆی ئەوەی بەرهەمی بەرێژەیەکی ئێجگار زۆربێت، هەربۆیە ئەگەر جووتیارێک یەک جەریب[٣] لە دانەویڵە بچێنیێت (الثعالبي،١٩٨٣، ج٤، ص١١٨؛ ابن الزوبير،١٩٥٩، ص١٤٣)، وای کردبوو بۆ ماوەی ساڵێک بەهۆی زۆریی بەرهەمەکەی ژیانی خۆی و خانەوادەکەی دابین بکات (الاصطخري،١٩٦٥، ص ٣١٢؛ محمد،٢٠٠١،ص ٤١)، سەرەڕای ئەوەی لە چاندنی سەوزەواتیش ناوچەیەکی پڕ بەرهەم بووە هەروەک (الادریسی)لەکتێبەکەی دەڵێت: ((لە بوخاری باخ و بێستانی وەک بەهەشتی لێی بووە، لەگەڵ چەندین جۆری میوە کە بە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ میوەی تر بەراورد ناکرێت)) (٢٠٠٢، ج١، ص٤٩٥)، گرنگترین ئەو ناوچانەی سەر بەشاری بخارایە کە خاکەکەی زۆر بەپیت بەرەکەتە ئەویش شارۆچکەی طواویسە (الحموي،١٩٩٦،ج٣،ص ٢٧)، بەپیتیی خاکەکەی لەوە بەدیار دەکەوێ و جیا دەکرێتەوە کە هیچکات گوڵ و سەوزایی لێ نابڕێت (ابن حوقل،٢٠٠٩، ص٣٩٢).

لە ڕووی بەپیتی و بایەخ و گرنگیی خاکی هەرێمەکان، ئێمە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان هەردوو هەرێمەکە بەدیناکەین، بەهۆی ئاڕادەیەک بوونی هاوسەنگی لە بەپیتیی خاکی زەوییە کشتوکاڵییەکان، چونکە هەریەکە بە شێوەیەک لەلایەن جوگرافیناسەکانەوە وەسفکراون بەنموونە بە پێی ئەم وەسفانە خاکی هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار لە خاکە بەپیتەکانە (الحموي، ١٩٩٦، ج٤،ص٩٩)، شاری کیش خاکێکی زۆر بەپیت و پڕ خێروبێری هەیە، لە هەمان کاتدا نسف لە خاکە بەپیتەکانە، سەرەڕای ئەوەش هەردوو شاری بخاری و سمرقند لەلایەن جوگرافیناسەکانەوە بە یەکێک لە بەپیترین خاکەکانی دونیا هەژمار کراوەوە بە باشترین خاکەکانی خودا لە سەر

---

دەکاتە دەیەکی جریب کەدەکاتە ٣٦٠باڵ.لەچواریوەی دەوڵەتی ئیسلامیدا پیوانەی قەفیز لە شوینیکەوە بۆ شوینیکی تر جیاواز بووە. الريس،١٩٧٧، ص٣١٧؛زكي،٢٠١١،مج٣٩،ص ٣١٨. ئەوەی لە هەرێمی خوراسان وڵاتی ئەودیو ڕووبار بەکار دەهات یەکسانە بەپێنج درهەم یەک قەفیز یەکسانە بەبیست و پێنج ڕەتلی بەغدادی. محمد، ٢٠٠١،ص٣٩.

٣. جەریب: یەکێکە لە جۆرەکانی پێوان لە بواری زەوی بەکاردێت کە یەکسانەبە (١٥٩٢)مەتر چوار گۆشە، بۆ زانیاری زیات بڕوانە: (هانتس، ١٩٧٦، ص٩٦).

زەوی دانــراوە (الاصطخــري،١٩٦٥،ص٣٤؛ ابــن حوقــل،٢٠٠٩، ٣٦١؛ الحمــوي،١٩٩٦،ج٣،١٩١) هــەروەک ((الاصطخــري)) شـارەکانی هەرێمـی خوراسـان زۆر فـرەوان و بەپیـت وەسـف دەکات (١٩٦٥،ص٨٥) بــە هەمــان شــێوە ((القزوینــی)) هەرێمـی خوراسـان لـە بەپیتتریـن و پڕخێرتریـن خاکەکانـی خـودای لەسـەر زەوی دانـاوە(٢٠١٣،ص ص٣٦١-٣٦٢) بەنموونـە شـاری بوشـنج بەناوچەیەکـی بەپیـت و بەرەکـەت و میـوە و سـەوزەی زۆری لێیـە باسـکراوە (الحمـوي،١٩٩٦،ج١،ص٤٠٠)، شـاری نیسـابور بـە شـارێکی ئـاوەدان و پڕخێـر و چـاک نـاوی هاتووە(الحمـوي،١٩٩٦،ج٤،ص٤٢٣)، شـاری هوراتیـش لـە دوو دێـڕە هۆنراوەیـەدا وەسـفکراوە و دەڵـێ:

هــراة أرض خصبهــا واســع
ونبتهــا اللفــاح والنرجــس
مــا أحــد منهــا الی غیرهــا
یخــرج الا بعــد مــا یفلــس
هــراة أردت مقامــي بهــا
لشــتی فضائلهــا الوافــرة
نســیم الشــمال وأعنابهــا
وأعــین غزلانهــا الســاحرة

(الحمــوي،١٩٩٦،ج٤،ص ٤٧١)(هــراة زەوییــە بەپیتەکانــی فرەوانــە... ڕووەکەکانــی بریتیــن لــە مانــدراک و نێرگــز
هیچیـان ناچنـە دەرەوە بـۆ لای کەسـانی تـر.... تەنیـا دوای مایەپووچبـوون نەبێـت
هـورات مـن ویسـتم تێیـدا بمێنمـەوە.... بەهـۆی فەزیلەتـە زۆرەکانییەوە
هــەوای باکــوور و ترێیەکانــی..... چــاوی ســیحراویی ئاســکەکانی)

لــە دەرهاویشــتەی ئــەم زانیاریانــە دەکرێــت بڵێیــن هــەردوو هەرێمەکـە خـاک و زەوییەکەیـان بەپیـت و بەرەکـەت و پـڕ خێروبێـر بـووە، بـەڵام ئـەوەی کاری دەکـردە سـەر زۆری و کەمــی بەرهەمــی زەوییــە کشــتوکاڵییەکان لــە هــەردوو هەرێمــی خوراســان و وڵاتــی ئەودیــو ڕووبــار بریتــی بــوو لـەو ڕووداوانـەی لـە ناوچەکـە ڕوویـان دەدا جـا چ ڕووداوی سروسـتی یاخـود مرۆیـی بێـت، کاریگـەری و ڕەنگدانـەوەی بەســەر بەرهەمەکــەوە هەبــووە، لــە ڕووداوە سروشــتییەکان بـە نموونـە وەکـوو بوومەلـەرزە و لافـاو، زۆر جـار کاریگەریـی نەرێنـی دەکـردە سـەر زەوییەکـە و بەرهەمەکـەی بـۆ نموونـە کاتێــک هەرێمــی خوراســان ڕووبــەڕووی بوومەلەرزەیەکــی بەهێــز بــووەوە لــە ســاڵی ٤٥٨ک/١٠٥٦ز، کــە بۆمــاوەی نزیکــەی دە ڕۆژ بــەردەوام بــوو تەنانــەت دانیشــتوانەکەشی تــووشی ماڵوێــرانی و کاولــکاری بوونــەوە، بــەو هۆیــەوە بـۆ مانەوەیـان لـە ژیـان ڕوویـان لـە بیابـانی ناوچـە کـرد (ابــن الاثــیر،١٣٥٧هـ،ج١،ص٣٧٧؛ ابــن کثــیر،٢٠٠٦،ج٢، ص ٥٢)، سـەرەڕای بڵاوبوونـەوەی نەخـۆشی و نەبـوونی خۆراکـی پێویســت (علي،٢٠١٦،مــج٩،ص١٧)،

ئــەوەی ئێمــە تێبینیــمان کردبێــت لــە هەرێمــی وڵاتــی ئەودیــو ڕووبــار زۆرتــر ئــەم دیــاردە سروشــتییانە ڕوویــان داوە، بەتایبــەت بوومەلــەرزە، ئەمــەش بــۆ جیۆلۆجیــی خاکەکــە دەگەڕێتــەوە. بەهــۆی زۆریــی بوونــی ســەرچاوەی ئــاو لــە ناوچەکانــی ڕۆژهەڵاتــی هەرێمەکــە ڕوویــان داوە لەوانــە ناوچــەی فەرغانــە (الکردیــزی،٢٠٠٦،ج١،ص٩)، هەروەهــا شــارەکانی کــش و نســف و ســمرقند لــە وڵاتــی چینــەوە دەســت پــێ دەکات هەتاوەکــوو دەگاتــەوە فەرغانــە (المســعودی،١٩٣٨،ص٥٠)، لێــرەدا ڕوون دەبێتــەوە هەرێمــی وڵاتــی ئەودیــو ڕووبــار هاوشــێوەی هەرێمــی خوراســان ڕووبــەڕووی ڕووداوی سروشــتی بووەتــەوە، وەک ئــەو کارەسـاتەی لـە سـاڵی ٤٠١ک/١٠١٠ز) بەسـەر هەرێمـی وڵاتـی ئەودیــو ڕووبــار هــات، کاریگــەری و ڕەنگدانــەوەی خراپــی بەســەر بارودۆخــی ئابــووری و زەوییــە کشــتوکاڵییەکانی هەرێمەکــە هێنــا، بەهــۆی ئــەو وشکەســاڵییەی ڕووبــەڕووی هەرێمەکــە بــووەوە، ئەمــەش بەهــۆی زوو پەڵــەدان و نەبارینـی بـاران لـە کاتـی گەشەسـەندنی دانەوێڵـە بەتایبەتـی گەنـم، هەرلـە هەمـان سـاڵدا بـووە هـۆی بـڵاو بوونـەوەی نەخۆشـی بەهـۆی وشکەسـاڵی خەڵکێکـی زۆر لەناوچوون(ابـن الاثــیر،١٣٥٧هـ،ج٧،ص ٢٥٤)، هەروەهــا بڵاوبوونــەوەی نەخۆشــی و وشکەســاڵی هــەر لــەم هەرێمــە لــە ســاڵی (٤٤٩ک/١٠٥٧ز) خەڵکێکـی زۆر ئەسـپەردەی خـاک کـران (ابـن الاثــیر،١٣٥٧هـ،ج٨،ص٢٣٩؛ الحنبــلي،د.ت، ج٣، ص٢٧٩)، ئــەو ڕووداوانـەی پێوەندیـی ڕاستەوخۆی بـە مرۆڤەکانـەوە هەبـووە،

ئەویـــش پێوەنـــدی بـــە ســـەقامگیریی سیاســـیی هـــەردوو هەرێمەوەکـەوە هەبـووە. ڕوودانی شـەڕ و ئـاژاوە، کاریگـەری و ڕەنگدانـەوەی لەسـەر زۆری و کەمیـی بەرهەمەکـەوە هەبـووە، سـەرەڕای زۆریـی بـاج، ڕنگدانـەوەی نەرێنـی لەسـەر چانـدن هەبـووە، ئەمـــەش زۆر جـــار جووتیارەکـــەی ناچـــار دەکـــرد بەرانبـەر بـە بـڕە پارەیەکـی تـر لـە کێڵگەیەکـی تـر کار بـکات (البـــيروني،١٩٢٣،ص ص ٣١-٣٢).

٢. ٣. جۆرەکانی زەویی کشتوکاڵی:

بەپێـی بەپیتیـی خـاک، زەویـی کشـتوکاڵی لـە هـەردوو هەرێمـی خوراسـان و وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار دەکرێـن بـە چەنـد جۆرێـک وەک ئەمانـەی خـوارەوە:-

٢. ٣. ١.کێڵگـــە: ئـــەم جـــۆرە زەوییـــە لـــە هـــەردوو هەرێمەکـەدا بەناوبانـگ بـووە، ئـەو زەوییانەکـە دانەوێڵـە و سـەوزەوات و جـۆری تـری بەروبوومـی تێـدا چێـنراوە دەگرێتـەوە (المقـدسي،٢٠٠٣،ص٢٨٤)، ئـەم جـۆرە کشـتوکاڵە لەبەشـێکی زۆری گونـدەکانی نزیـک لـە شـارەکان بڵاوبووەتـەوە، بەشـێک لەجوگرافیناسـەکان ئاماژیـان بەهەندێـک لـەم شـارانە داوە کـە لـەم بـوارەدا ناوبانگیـان هەبـووە، لەنێویشـیان شـاری مـرو و نیسـابور وەک بەپیتتریـن و باشـترین زەوی بەرهەمهێـنراو دانـراون، هەروەهـا نیسـابور بـە باشـترین زەوی ئاودێـری دانـراوە، لـە هەمـان کاتـدا بـە ئاوەدانتریـن و پرخێروبێرتریـن ناوچـە و بـە زێـری ڕۆژهـەڵات ناوبـراوە، جوگرافیناسـان پێیـان وایـە نیسـابور لـە ڕووی ئـاو و هـەواوە پاکتریـن و گەورەتریـن شـاری هەرێمـی خوراسـانە (الحمـوي،١٩٩٦،ج٣،ص١١٢؛ الخوارزمـي،٢٠٠٨،ص ص٣٥-٤٦)، هەروەهـا شـاری هـراة یەکێکـی تـر بـوو لـەو شـارانەی لـە ڕووی زۆری بەرهەمـی کێلگەیـی و کشـتوکاڵیکردن، ئەمـەش بـۆ هەڵکەوتـەی شـوێنی جوگـرافی و سروشـتی خاکـەی دەگەڕێتـەوە (بارتولـد،١٩٨١،ص ٣٦٩).

سـەبارەت بەهەرێمـی بلادماوراء النهر لەبارەیـەوە گوتـراوە هەمـوو ناوچـەکانی هەرێمەکـە پـڕە لـە کێڵگـەی کشـتوکاڵیکردن و گونـد، ئەمـەش مانـای ئـاوەدانی و ناوچەکـە و خەریکبوونـی خەڵکەکـە بـە کاری کشـتوکاڵیکردن دەگەیەنێـت، یەکێـک لـەو شـارانەی وەسـف کـراوە لـە ڕووی چـڕی کێڵگـەی کشـتوکاڵی شـاری فرغانـە دەکەوێتـە سـەرکەناری ڕووبـاری جیحـون، کـە کێڵگـەی کشـتوکاڵی و باغـاتی زۆری لێیـە، هەروەهـا یەکێـک لـەم گوندانـەی کەوتووەتـە ناوچەکـە زۆر سـەرنجڕاکێش بـووە لـەم لایەنـەوە ئاماژەی بـۆ کـراوە ئەویـش گونـدی (ایرابـاذ) بـووە (الحمـوي،١٩٩٦،ج١،ص ٢٣٠، ٤١٨-٤١٩، ج٢، ص٢٩٧).

شـاری بخـارا یەکێکـی تـر بـووە لـەو شـارانەی بـە کێڵگـەی کشـتوکاڵی و چانـدنی درەختـی بـەری زۆربەناوبانـگ بـووە، سـەرەڕای بـاشی و بەتامـی بەرهەمەکـەی، هەروەهـا خاکەکـەی لەباربـووە بـۆ چانـدنی جـۆرەکانی سـەوزەوات (ابـن بطوطـة،١٤٠٥هـ،ج١، ٤٠٤)، زۆرتریـن زەوی کێڵگـەی کشـتوکاڵی لێبـووە، هەروەهـا شـاری سـمرقند یەکێکـی تـرە لـەو شـارانەی زەوییەکـەی زۆرتریـن کێڵگـەی کشـتوکاڵی لێبـووە کەمەزندەکـراوە بـە دە هـەزار جەریـب (الحمـوي،١٩٩٦،ج١، ص٢٨٠، ج٣، ص٦٧). ئەمـەش ئـەوە دەگەیێنێـت کـە خاکێکـی بەپیتـی کشـتوکاڵی هەبـووە بـەراورد بـە شـارەکانی دیکـەی هەرێمەکـە.

ئـەوەی لێرەدا بۆمـان بەدیـار دەکەوێـت، بەپیتتریـن زەویـی کێڵگـەی کشـتوکاڵی لـە شـارەکانی مـرو و نسـابورە و هـراة لـە هەرێمـی خوراسـان زیاتـر بـووە لـە شـارەکانی تـری هەرێمەکـە چونکـە خاوەنـی ئاودێرییەکـی بـاش بـوو، کەشـوهەوایەکی گونجـاوی هەبـووە (الحمـوی،١٩٩٦،ج٣،ص١١٢)، بـەڵام ئەگـەر تێبینـی بکەیـن لـە هەندێـک لـە شـارەکانی هەرێمـی بـلاد مـاوراء النهـر زۆر لەمـە زیاتـر بـووە، بەتایبەتـی شـارەکانی بخـاری و خـوارزم و برقـوق و صغـد (ابـن حوقـل،٢٠٠٩،ص٤٨٧) هەروەهـا لـە ناوچـەی بونجکـث سـەر بـە اشروسـنە (المقدسـی،٢٠٠٣،ص ص ٢٤٧، ٢٧٧).

٢. ٣. ٢.لەوەڕگەکان:

لەوەڕگـەکان ئـەو زەوییانـە دەگرێتـەوە مەڕومـاڵاتی تێـدا دەلەوەڕێندرێـت، ئـەم جـۆرە زەوییـە لـە هـەردوو هەرێمـی خوراسـان و وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار بایـەخ و گرنگـی زۆری پێـدراوە (المقـدسي،٢٠٠٣، ص٢٢١)، گەورەتریـن و فرەوانتریـن ئەوزەوییانـەی هەرێمـی خوراسـان بـۆ لەوەڕانـدن گونجـاوە دەکەوێتـە لای ڕووبـاری جیحـون، وەکـوو ناوەندێکـی جیاکردنـەوەی نیـوان ئێـران و توورانـە، خاکێکـی ئاسـانە و پەیتـە، سرخـس کـە دەکەوێتـە ئـەم خاکـە بەپیـت وبەرەکـەت و دژوار نییـە، زۆرتریـن ئـەو ئاژەڵانـەی کـە بۆگواسـتنەوە و هەڵگرتنـی بـار بـەکار دێـت، دەکەوێتـە ئـەم ناوچەیـە' هەروەهـا یەکێـک لـەو ناوچانـەی بـە زۆری لەوەڕگـەکانی ناسرابـوو، لـەوڕگاکانی زۆر زیاتـر بـوو لـە ناوچـەی شـاش، بـەڵام ئـەو لەوەڕگەیانـەی کەوتوونەتـە نێـوان شـاش و اسـفیجاب گەلێـک زۆرتـر بـووە و ڕووبەرێکـی جوگـرافی زۆر فرەوانـتری گرتبـووەوە (الحمـوي،١٩٩٦،ج٣،ص ١١٤)، هەروەهـا جوزجـان کـە سـەر بـە هەرێمـی خوراسـانە، بـە لەوەڕگـەی زۆر و بەخێوکـردنی ئـاژەڵ ناوبانگـی هەبـوو (ابـن حوقـل،٢٠٠٩،ص ٣٧٦).ئـەو زەوییانـەی کەوتوونەتـە نێـوان باکـووری دەریـای قەزویـن و دەریـای ئـارال، بەپیتریـن زەویـی لەوەڕگـەکان دادەنرێـت، گرنگتریـن ناوچـەی هـۆزەکانی تـورک بـوون کـە بـە غـوز ناسرابـوون، کـە دواتـر بـە تورکـی سـەلجوقییەکان نـاسران، پـان و بەریـن و فرەوانیـی ئـەم ناوچەیـە بەهـۆی زۆریـی لەوەڕگـەکانی سـوودی زۆری لـە بەخێوکـردنی مەڕومـاڵات هەبـوو، دواتـر بەهـۆی بەپیتـی و دەڵەمەندیـی خاکەکـەی، بـووە ناوچـەی ململانێـی نێـوان دەسـەڵاتدارانی خوراسـان و وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر ئـەم ناوچەیـە، بەردەوامـی ململانێـکانی غەزنەوییـەکان و سـەلجوقییەکان، سـەرەنجام هەڵگیرسـانی جەنگـی بـە دوای خویـدا هێنـا، دواتـر غەزنەوییـەکان لەجەنگـی دنداقـان لەسـاڵی ٤٣١ھ/١٠٣٩ز دەسـەڵاتیان لـە ناوچەکـە کۆتایـی پـێ هـات، هـۆکاری ڕاسـەتەوخۆی شـەڕەکەش پێوەنـدی بـە دەستبەسـەرداگرتنی ئـەم لەوەڕگەیانـە هەبـوو، چونکـە سـەلجوقییەکان بـەردەوام بـەدوای خـۆراک و لەوەڕگـەدا دەگـەڕان (البیهقـي،١٩٥٦،ص ص ٦٦٣، ٦٦٥).

٢. ٣. ٣.باخـەکان: بـەو زەوییانـەی میـوەی لـێ بەرهـەم دێـت گوتـراوە، ئـەم جـۆرەش لـە زۆربـەی ناوچـەکان و شـارەکان و گونـد و ماڵەکانـدا بایەخـی پـێ دراوە (المقـدسي،٢٠٠٣،ص ٢٨٤)، شـاری اخسـیکث بـە زۆری و دەوڵەمەنـدی بـاخ و بێسـتان نـاوی دەرکردبـوو، ناوچەیەکـی زۆر فـرەوانی لـە ڕووبەرەکـەی نزیکـەی فەرسـەخێک/٦کم داپۆشـیوە، هەروەهـا اوزکنـد بـە دەوڵەمەندتریـن ئـەو ناوچانەیە لـە ڕووی زۆری باخ و بێستانەوە (الحمـوی،١٩٩٦،ج١، ص٢٢٣)، صەغەدیـش بەناوبانگتریـن ئـەو ناوناچانەیـە لـە ڕووی دەوڵەمەنـدی بـاخ و بێسـتان و چـڕی درەختـە بەرهەمدارەکانـی کەلـە تـەواوی ناوچەکـە بەرهەمـی بـەم شـێوەیە نەبـووە (الادریسـی٢٠٠٢،ج١،ص٤٩٣)، شـاری سـمرقند بـە زۆری ڕەز و و باخـات و داری بەرهەمـدار ناسرابـوو لـە هەمـان کاتـدا بـوونی سـەرچاوەی ئـاوی بەتایبـەتی ئـاوی ڕووبـار کەتـەواوی باخـەکانی تێـر ئـاو دەکـرد، بەرهەمـەکانی بـە باشـترین و چاکتریـن جـۆر نـاسراوە لـە تـەواوی ناوچەکـەدا (بارتولـد،١٩٨١،ص١٨٥).

سـەبارەت بـە شـارەکانی هەرێمـی خوراسـان شـاری هـراة یەکێـک لـەو شـارانەی باخـی زۆری هەبـووە ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ زۆریـی سـەرچاوەکانی ئـاو لـەو سـنوورە، سـەرەڕای بـارانی زۆر لـەم شـارەدا بـۆ نموونـە لەسـاڵی ٥٥٦ک/١١٦٠ز بـاران بـەردەوام بـووە لەسـەر شـاری هـوراة و ناوچـەکانی دەوروبـەری لـە ١٠ی محـرەم هەتاوەکـوو ناوەڕاسـتی مانگـی سـەفەر بۆماوەیەکـی زۆر خەڵـک ڕۆژیـان نەبینیووە(ابـن الاثـیر،١٣٥٧ھ،ج٩،ص٤٥٣)، سـەرەڕای سـەرچاوەکانی تـری ئاودێـری بوونەتـە هـۆکاری زۆربـوونی میـوە جـۆر بـە جـۆرەکانی ئـەم شـارە(یاقوت الحمـوی) لەسـاڵی ٦١٧ک/١٢١٩ز خـۆی سـەردانی شـارەکەی کـردووە و بینیویـەتی، بەیەکێـک لـەم شـارانەی دانـاوە لـە ڕووی زۆریـی ڕەز و باخاتـەوە (١٩٩٦،ج٢،ص ٢١٦).

بـە پشتبەسـتن بـەو زانیارییانـەی سـەرەوە بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە هەرچەنـدە هەرێمـی خوراسـان لـە ڕووی خاکـەوە وەکـوو هەرێمـی بـلاد مـاوراء النهـر خاکـەی جۆراوجـۆر و جیـاوازە، بـەڵام بۆمـان بەدیـار دەکەوێـت ئـەو ڕووبـەرە زەوییـەی کـە بـۆ لەوەڕگـە و کشـتوکاڵیکردن و یاخـود بـۆ لەوەڕانـدنی ئاژەڵـەکان یاخـود ئـەو خاکـەی گونجـاوە بـۆ ڕەز و بـاخ و بێسـتان لـە هەرێمـی وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار

لەبارتــر و فرەوانــترە، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ هەڵکەوتــەی جوگرافیــا و تۆپۆگرافیــای ناوچەکــە، ســەرەڕای گونجــاوی کەشــوهەوای هەرێمــی وڵاتــی ئەودیــو ڕووبــار لــە هەمــان کات زۆریــی ســەرچاوەکانی ئــاو بــە تایبــەت هــەردوو ڕووبــاری جیحــون و سیحون، هــەر لــە شــاری فرغانــە بەهــۆی زۆریــی باخاتــەکانی هــەر چــوار لای وەکــوو پەرژینێــک لــە ســەوزایی دەورەدراوە بەدرێژایــی دوو فەرســەخ دەکاتــە (١٢) کیلۆمەتــر، هەروەهــا شــاری ســمرقند بــە شــێوازێکی زۆر بــاش وەســف کــراوە لەلایــەن یاقــوت الحمــوي دەڵــێ: (فيهــا بســاتين و مــزارع وارحــاء... فــاذا جــزت المــزارع صرت اليــه الربــض وفيــه ابنيــە واســواق وفي ربضهــا مــن المــزارع عــشرة الاف جريــب)، هەروەهــا وەسفی شــاری خجنــدی کــردووە بــەم شــێوەیە (بــاخ و بێسانەکانی زیاتــرە لــە پانتایەکــەی کــە درێــژ دەبێتــەوە بــە درێژایــی زیاتــر لــە فەرســەخێک کــە هەمــووی بــاخ و میوەیــە) (١٩٩٦،ج٢،ص٢١٦).

٣. ٣. بەرهەمە کشتوکاڵییەکان.

لەبــەر هەڵکەوتــەی شــوێنی جوگــرافی و گونجــاوی کەشــوهەوا بەپیتیــی خاکــەی و زۆری ســەرچاوەکانی ئــاو، ئەمــە بووەتــە هــۆی ئــەوەی بەرهەمــە کشــتوکاڵییەکان لــە هــەردوو هەرێمــی خوراســان و وڵاتــی ئەودیــو ڕووبــار جۆراوجــۆر بــن، بۆیــە بەرهەمــەکان هەمــە چەشــنن و دەکرێــن بــە چەنــد جۆرێــک.

٣،٣. ١.میوەجات:هەرێمــی خوراســان بــە بــە چانــدنی میــوە ناوبانگــی دەرکــردووە، کــە لەلایــەن جوگرافینــاس (المقدســی)) وەسفی بەرهەمەکانــی کــراوە بــە تایبــەتی تــرێ و شــووتی، هــەروەک شــاری مــرو بەتایبــەتی بــە چانــدنی شــووتی ناوبانگــی دەرکردبــوو، ســەرەڕای ئــەوەی بــە چانــدنی تــرێ بەتایبــەتی ئــەو جــۆرەی کــە دەکرایــە کشــمیش بەناوبانــگ بــووە، لــە بەناوبانگتریــن جــۆرەکانی کشــمیش لــەم ناوچەیــە لــە ڕووی جــوانی ڕەنگــی و خــۆشی و تایبەتمەندیــی تامەکــەی کــە بــە هەمــوو جــۆرەکانی لــە هەرێمــی خوراســان ناوبانگیــان هەبــوو (٢٠٠٣،ص٣٣١ ؛ الفقــي،د.ت،ص٦٦)، نیســابور بــە شــارێکی فــرەوانی بەرهەمــەکانی میــوە نــاسراوە، بەرهەمــەکانی چێژبەخــش و ڕەز و باخــاتی زۆری لــێ بــووە، ســەرەڕای هەبــوونی قەیــسی و زەیتــون و هەنجیــرو هەنــار، هەروەهــا شــاری هــوراة لەبــەر دەوڵەمەنــدی و زۆری بــە بەرهەمــە هەمەچەشــنەکانی میــوە بــە باخچــەی هەرێمــی خوراســان ناوبانگــی دەرکــردووە، بــە باشــترین جــۆری تــرێ و بەرهەمــی میــوەی چــاک وەســف کــراوە، لــە هەمــان کاتــدا بــە کشــمشی تائیفــی و باخچــەو بێســتانی زۆری هەبــووە بــە ســەدو بیست جــۆر لــە بەرهەمــی تــرێ باســکراوە (ابــن حوقــل،٢٠٠٩،ص٣٦٨؛ الاصطخــري،١٩٦٥،ص١٥١)، هەروەهــا دوو جــۆری تــر لــەم ناوچەیــە هەبــووە لەناوچــەکانی تــر بــوونی نەبــووە ئەوانیــش البرینــان و الکلنجــری (القزوینــی، ٢٠١٣، ص٤٨١)

هەروەهــا ناوچــەی خــوارزم بــە بەرهەمــی میــوەی گنــدۆرە بەناوبانــگ بــووە، زۆر جاریــش هەنــاردەی دەرەوە بــە تایبــەتی هینــد و چیــن کــراوە، ئــەم هەرێمــە جگــە لــەوەی بــە تــرێ و هەنــار و کشــمیش و هەرمــێ بەناوبانــگ بــووە، بــەڵام بەلــخ بــە بەرهەمــی میــوەی وەکــوو تــرێ و هەنجیــر و هەنــار و پرتەقــاڵ و کشــمیش نــاسراوە، بــەڵام مــرو بــە بــاخ و بێســتانی بەرهەمــی میــوەی جــۆری زۆر بــاش بەنــاو بانــگ بــووە (.ابــن حوقــل،٢٠٠٩،ص٤٨٧؛ المقــدسي،٢٠٠٣، ص ص ٢٧١، ٢٧٩، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٣١). شــاری بوخــارا یەکێــک بــوو لــەو شــارانەی کــە بــە نیشــتمانی چانــدی ترێــی بــاش ناسرابــوو، بەهــۆی زۆریــی بەرهەمەکەیــەوە بەشــێکی زۆری لێــی هەڵدەگیــرا هــەروەک ابــن بطوطــە لەبارەیــەوە دەڵــێ: ((...ئــەوان ترێیــان لــە ســاڵێکەوە بۆســاڵێکی تــر هەڵدەگــرت)) (١٤٠٥هـ،ج١،ص٤٠٨)، ســەرەڕای ئــەوەش بــە چانــدنی چەندیــن جــۆری دیکــەی میــوە ناوبانگــی دەرکردبــوو، وەکوومیــوەی ســێو و هەنــار و هەنجیــر و قەیســی و تــوو (النرشخي،١٩٦٥،ص ص ٤٨، ٩٦؛ ابــن بطوطــة،١٤٠٥هـ،ج١، ص٤٠٤)' لــە هەمــان کاتــدا بــە میــوەی شــەمامە یاخــود نارنجــۆک ناوبانگــی هەبــوو (الثامــري،١٩٩٩،ص ١٣٩)، بــاس لەجۆرێکــی میــوە کــراوە ئەویــش هەرمێیــە کــە پــێ گوتــراوە العلــو یاخــود الــو (الاجاص)(الــو بوخــاری) پێــی گوتــراوە، بــەم شــێوەیە لەلایــەن ابــن بطوطــة وەســف کــراوە ((میوەیەکیــان هەیــە پێــی دەڵێــن علــو، وشــکی دەکەنــەوە، خەڵــک دەیبــەن بۆهیندســتان و چیــن و ئاوەکــەی لێدەگــرن وەدەیخۆنــەوە کاتێــک ســەوز دەبێــت و شــیرین دەبێــت

کاتێکیش وشک دەبێتەوە کەمێک ترش دەبێت، جۆری زۆری هەیە، هاوشێوەی لەم جۆرەی لە ئەندەلوس و مەغریب و وڵاتی شام نەمبینیوە))(١٤٠٥ھ،ج١،ص ٤٠٨)، هەروەها لەلایەن فامبری بەم شێوەیە باسکراوە (کە هەزاران ساڵە تاوەکوو ئەمڕۆ لە بەناوبانگترین جۆری میوەیە لە ئاسیادا) (فامبري،١٩٦٥،ص٢٥).

ئەوەی ئێمە لێرەدا تێبینی دەکەین، هەردوو هەرێمی خوراسان و وڵاتی ئەودیو ڕووبار بە زۆربەی جۆرەکانی میوە ناوبانگیان دەرکردووە، بە نموونە هەردووکیان بە چاندنی ترێی باش بەناوبانگ بوون، بەڵام شاری هراة یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی خوراسان بە چاندنی باشترین جۆرەکانی ترێ بەناوبانگ بووە کە بە نزیکەیی ١٢٠ جۆری ترێی تێدا چێندراوە، برنیات و کلنجری ئەو دوو جۆرەیە زۆر بەناوبانگ بووە (السمرقندي،١٩٤٩،ص٣٩)، هەروەها شاری مرو بە جۆرێکی دەگمەنی شووتی ناوبانگی دەرکردبوو، ئەم شووتییە زۆر جار وەکوو دیاری پێشکەشی دەسەڵاتدرانی دەوڵەتی عەباسی کراوە، یاخود لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا پێشکەش کراوە، بەتایبەتی ئەو جۆرەی کە شووتی (البازنک) پێی گوتراوە لەبەر باشی جۆرەکەی هەناردەی دەرەوە بەتایبەتی عێراق کراوە، ئەمەش بە ڕێگەی تایبەت لە ناو بەفر هەڵگیراوە (الثعالبي،١٩٦٠،ص٢٢٦؛ الحميري،١٩٨٠،ص٥٣٣) لە هەمان کاتدا دەبینین شارەکانی هەرێمی خوراسان بە چاندنی بەرهەمی کاکڵەداری وەک گوێز ناوبانگیان دەرکربوو، بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە لەگەڵ بوونی جۆرێک لە هەرمێ لە هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار کە شاری بوخاری پێی بەناوبانگ بووە. بەڵام ئەم جۆرە هەرمێیە لە هەرێمی خوراسان ئاماژەی بۆ نەکراوە، سەرەڕای چاندنی یەکێک لەو درەختانەی لەم هەرێمە زۆر بەربڵاو بووە ئەوەیش چاندنی درەختی سێوە لە شارەکانی صغد و اشروسنەو فرغانەو شاش، هەروەها بوونی جۆرێکی تری میوە بەناوی الترنجبین لە وڵاتی ئەودیو ڕووبار، لەم جۆرە میوەیە ماددەیەکی شێداری هەیە لە دوای هاتنەدەرەوەی لە دارەکە ڕەق دەبێت، تامێکی شیرینی وەک شەکری هەیە (القزويني،٢٠١٣،ص٦٠٣).

سەبارەت بە چاندنی خورما لە هەردوو هەرێمەکەدا تارادەیەک دەرفەتی چاندنی لەبەردەمی کەم بووە، بەتایبەتی لە هەرێمی خوراسان زۆر کەم بووە، ئەمەش بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی و بارودۆخی کەشوهەوا دەگەڕێتەوە، خورما لە هەندێک بەشی هەرێمی خوراسان بەتایبەت گوندی بیادق و وارانە لە شارەکانی و بست و طبسین وقوهستان[٤] (الاصطخري،١٩٦٥،ص٢٣١؛ الثعالبي، ١٩٦٥،ص٢٠٥) چێنراوە، لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بڵێین لە هەرێمی خوراسان زەوییەکان جۆراوجۆرن و هەندێک لەو زەوییانەی ئاسانن هەندێکیان بەوە دیاری دەکرێت، کە خاکەکەیان خوێییە و هەژارن، دەکرێت لەم جۆرە بەروبوومانەی زیاتر تێدا گەشە بکات (الجبراني،٢٠١٥،ص١٧٧)، بەڵام لەبەر نەگونجانی کەشوهەوا لەو لێکۆڵینەوەی ئێمە کردوومانە درەختی خورما لە هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار نەچێنراوە، لەبەر ئەوەی بارودۆخی سروشتی ڕۆڵی گرنگی لە گەشەندنی جۆرێتیی میوەکان لە هەردوو هەرێمەکە هەبووە، سەرەڕای بەپیتیی خاک (الحميري،١٩٨٠،ص ٣٦٢)، سەرەڕای ئەوەش نەگونجانی کەشوهەوا لە هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار لەبەر ئەوەی کەشوهەوای ئەم هەرێمە ساردبووە (المقدسي،٢٠٠٣،ص٢٤٨؛ الاسدي،٢٠١٠،ص ٤٢)، هەرچەند ئەم کەشوهەوایە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەشێوەی گشتی لە زستان زۆر ساردبووە و مامناوەند بووە لە وەرزی هاوین، جگە لە هەندێک ناوچە نەبێت (المقدسي،٢٠٠٣،ص ص ٢١٥، ٢١٩، ٢٢٠).

٣. ٣. ٢.دانەوێڵە:هەردوو هەرێمی خوراسان و وڵاتی ئەودیو ڕووبار بە چاندن وبەرهەکانی دانەوێڵە ناوبانگیان دەرکردبوو، شارەکانی هەرێمی خوراسان بەتایبەت بە چاندنی گەنم و جۆ و گەنمەشامی بەناوبانگ بوون،

٤. قوهستان:هەرچەندە کی لسترنج وەکوو بەشێکی خوراسانی دانە ناوە، بەڵام مێژوونووسە وڵاتناسە موسڵمانەکان کورەی قهوستان لە چوارچێوەی نیسابوری سەر بە خوراسان دادەنێن. (الاصطخري،١٩٥٦،ص١٥٣؛المقدسی،٢٠٠٣،ص١٩٧؛کی لسترنج، ١٩٥٤،ص١٥٤).

لەنێویشیان سرخس لە چاندنی گەنم و جۆ و گەنمەشامی پێشەنگ بوو، سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەی ئاوی کەم بووە، بەڵام (المقدسی)) بەراوردی ئەو بڕە دانەوێڵەی هەموو وەرزێک لە سرخسەوە ڕەوانەی قاهیرەکراوە، زۆر زیاتر بووە لە ناوچەکانی تر، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شاری سرخس سایلۆی تایبەت بەخۆی هەبووە بۆ پاراستنی دانەوێڵە، زۆر جاریش لە کاتی پێویستیدا بڕێکی زۆری هەناردەی شارەکانی دیکەی هەرێمەکەی دەکرا بەتایبەتی شاری نیسابور، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنی شاری نیسابور و گوندەکانی دەوروبەری کە لە بواری بابەتە خۆراکیەکاندا بەرهەمیان لە چاو پێداویستی ناوەخۆ کەم بووە، ئەمەش بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتدا زۆری داواکاری لەسەر بەرهەمەکانی دانەوێڵە لەم ناوچەیە (٢٠٠٣، ص٢٤٧؛حمزە،٢٠١٣،العدد١٨،ص٢٩٨). زەوییەکانی هەرێمی خوراسان جگە لە گەنم و جۆ و گەنمەشامی بە بەرهەمی تریش بەناوبانگ بووە، لەوانە اسفرایین بە کێڵگەی کشتوکاڵی برنج بەناوبانگ بووە (العمادي،١٩٩٧،ص١٢٨) هەروەها لە شاری هراة زۆر جار غەزنەوییەکان پارێزگارییان لە ئاستی چاندنی بەرهەمێنان کردووە، ئەم کارەشیان بە لەدەستدانی هەندێک بەرهەمی تر ئەنجام داوە و لەم پێناوەشدا هانی بەرهەمێنانی گەنمیان داوە، هەتاوەکوو شاری هراة وای لێ هات لە ڕووی بەرهەمهێنانی گەنم لەپێش زۆربەی شارەکانی تر کەوت، بەشێوەیەکی گشتی کشتوکاڵیکردنی گەنم لە زۆربەی ناوچەکانی کوغتاباذ و جاذوی وکالون کابرون ئەمانە سەر بە باذغس بوون لە ڕووی ئیداریەوە سەربە شاری هراة بوون (الذهبي، ١٩٩٦، ج١٩، ص١٥٥؛ السبكي، د.ت، ج٥، ص١٠٢).لە ڕووی بەرهەمهێنانی برنجەوە، شاری هراة بە بەرهمهێنەرەکی گرنگ دانراوە، بە زۆری بەرهەهێنانی برنج لە ناوچەکە جیا دەکرێتەوە، لەبەر سروشتی ڕواندنی برنج ئاوی زۆری پێویستە، تەنانەت بەشێک لە زانایانی ئایینی شارەکە ڕەتیان کردبووەوە برنج بخۆن لەبەر ئەوەی خاوەن کێڵگەی برنجەکان ستەمیان لە جووتیارەکانی تر دەکرد بەهۆی بەکارهێنانی ئاوی زیاتربۆ ئاودانی برنجەکان (الذه بي،١٩٩٦،ج١٩،ص١٥٥؛السبكي،د.ت،ج٥،ص١٠٢)،ماراباذ یەکێک لەو ناوچانەی شاری هورات کە بە چاندنی بەرهەمهێنانی برنج زۆر بەناوبانگ بووە (ابن حوقل،٢٠٠٩،ص٤٣٩).

هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار لەبەر بەپیتیی خاکەی و زۆری سەرچاوەکانی ئاو لەناوچەکە وای کردووە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی جۆراوجۆر بێت، بەتایبەت دانەوێڵە، بایەخ و گرنگیی زۆری لەلایەن جووتیارانەوە پێ دراوە، سەرچاوەی ئەم گرنگپێدانە دەگەڕێتەوە بۆ پێویستیی خەڵکی ناوچەکە، لە گرنگترین ئەو جۆرە دانەوێڵەی کە زۆر بایەخی پێ دراوە بریتییە لە چاندنی گەنم، گرنگترین ئەو شارانەی لەم هەرێمەدا بایەخیان بە چاندنی گەنم داوە هەریەک لە شارەکانی خەتل و بنجیکس(بنجیکث) بووە(المقدسی،٢٠٠٣،ص٢٣٩؛ کي لسترنج،١٩٥٤،ص٥٠٩)، هەروەها شاری بوخاریش دانەوێڵەی لێ چاندراوە بە تایبەتی گەنم (النرشخی، ١٩٦٥، ص ٥٥؛ فامبري،١٩٦٥،ص٣٣)، هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە کێڵگانە بۆ زۆری سەرچاوەی ئاوی ناوچەکە بووە لەبەر پێدا ڕۆیشتنی ڕووباری سەغەد بەناوچەکە لەگەڵ چەند ڕووبارێکی تر کە نزیکە دوازدە ڕووباردەبوو، تاوەکوو دەڕژانە ناوچەکەیەوە پێدەوترا سام خواش نزیک شاری فربر (النرشخي،١٩٦٥،ص ص ٥٢-٥٣؛ الحموي،١٩٩٦،ج١،ص٥١٨)، بەڵام چاندنی برنج لەم هەرێمە زیاتر لە شارەکانی بەلخ و لەوالج بووە،، ئەمە بەهۆی ئەوەی ڕواندنی ئەم بەرهەمە پێویستی بەبڕێکی زیاتر لە ئاو هەیە (کي لسترنج،١٩٥٤،ص٥٠٩).

ناوچەی خوارزم بەهەمان شێوە بە چاندنی دانەوێڵە بەتایبەتی گەنم و برنج بەناوبانگ بووە (البيروني،١٩٢٣،ص٢٤١)، بەتایبەتی شاری جوزجان و ترمز سەرەڕای ئەوەی بەشی ناوەخۆی پڕدەکردەوە زیادەکەشی هەناردەی دەرەوەی دەکرا (ابن بطوطة،١٤٠٥هـ،ج٢،ص١٠)، هەروەها فەرغانە بە زۆری کێڵگەی کشتوکاڵی برنج بەرهەمهێنانی زۆر و چڕ ناسراوە بەهۆی زۆریی سەرچاوەی ئاوی هەیە. (المقدسي،٢٠٠٣،ص ٢٧١).

بە سەرەنجدان و بەدواداچوونەکانمان بۆمان ڕوون دەبێتەوە، چاندنی دانەوێڵە لە هەردوو هەرێمەکەدا تا ڕادەیەک جیاواز بووە، گەنم و جۆ و گەنمەشامی بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەرێمی خوراسان چاندراوە، بەڵام

ئـەوەی بـۆ ئێمـە بەدیـار دەکەوێـت، چانـدنی برنـج و گەنـم لـە هەرێمـی وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار زیاتـر بایەخـی پـێ دراوە، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ زۆریــی ســەرچاوەکانی ئــاو لــەم هەرێمـە، چونکـە برنـج لـەو جـۆرە دانەوێڵانەیـە پێویسـتی بـە بڕێکـی زۆر زیاتـر لەئـاو هەیـە.

٣,٣. ٣. چەند بەرهەمێکی تری کشتوکاڵی:

هــەردوو هەرێمــی خوراســان و وڵاتــی ئەودیــو ڕووبــار چەنــد بەرهەمێکــی تــری کشــتوکاڵیان هەبــووە و پێــی بەناوبانـگ بووینـە و بایـەخ و گرنگـی زۆریـان پێـداوە وەکـوو سـەوزە یاخـود ئـەو جـۆرە بەرهەمـە کشـتوکاڵیانەی لـە ڕووی پیشەسـازییەوە ڕۆڵ و بایەخـی بەرچاویـان هەبـووە، سـەرەڕای هەبـوونی چەنـد بەرهەمێکـی تـر لـە هـەردوو هەرێمەکـەدا نـاسراوەو بـە بایـەخ بووینـە.

هەرێمــی خوراســان بــە چەنــد ســەوزەیەک بەناوبانــگ بــووە، بەتایبــەت شــاری مــرو بــە چانــدنی ســەوزەواتی وەک کولەکـە (کـودی) و باینجـان و گێـزەر (الاصطخـري،١٩٦٥،ص٢٦٣؛ الوزونــة،٢٠٠٧،ص٢١٠)، لــە ســەرچاوەکاندا ئامــاژە بــۆ ئـەوە کـراوە بەشـێکی زۆری چانـدنی سـەوزەوات لـە شـاری نیســابور بــووە، بەتایبــەتی کــودی و باینجــان و فاســۆلیا و باقلەمەنییــەکان بــە شــێوەیەکی گشــتی جێــزەر و ســیر (الحمـــوي،١٩٩٦،ج٣،ص٤٦١)، لـــە هەرێمـــی بـــلاد مـــاوراء النهـر چانـدنی سـەوزەوات بابەتێکـی گرنـگ بـووە بەتایبـەتی لــەلای جووتیــارانی قەوازیــان (القواذیــان)[٥]، وەکــوو چانــدنی جێـــزەر و قەرنابیـــت و باینجـــان و چەنـــد ســـەوزەیەکی تـــر، (القلقشــندي،١٩٦٣،ج٤،ص٤٣٢) هەروەهــا لــە شــاری بوخــاری بایەخـی تایبـەتی پێـدراوە، ئەمـەش بەهـۆی پشـت بەسـتنی دانیشــتوانەکەی بــەم بەرهەمــە و گونجــانی کەشــوهەواکەی بــۆ گەشەســەندنی زۆری ئــاو وخاکــی بەپیــت و بەکارهێنــانی ڕێگـەی گونجـاو بـۆ ڕوانـدنی، ئەمانـە هەمـوو بـووە هـۆی زیادکـردنی بـڕی بەرهەمەکـەی، لـە هەمـان کاتـدا سروشـت و پێکهاتـەی سـەوزەوات بەهـۆی ئـەوەی بەرهەمێکـی ناسـکە زۆر زوو خــراپ دەبێــت، بۆیــە لــە شــارەکان یاخــود نزیــک لـە شـارەکان دەچێنرێـت لەگـەڵ ئـەوەش دا بەرهەمێکـە بـۆ پڕکردنــەوەی پێداویســتیی ڕۆژانــەی خەڵــک بــەکار دێــت (الجــبراني،٢٠١٥،ص١٧٩).

بەشـێکی زۆری دانیشـتوانی ناوچـەکانی هەرێمـی خوراسـان ئـەو بەرهەمـە کشـتوکاڵیانەیان دەچانـد لەبـواری پیشەسـازیدا بـەکار دەهـات، بەتایبـەتی چانـدنی لۆکـە، ئـەو ناوچانـەی بـەو بەرهەمـە بەناوبانـگ بـوون و جیـا دەکرانـەوە بریتـی بـوون لـە مـرو نیسـابور وقوهسـتان، خاکـی ئـەم ناوچانـە زۆر لەبـارو گونجـاو بـووە بۆئـەم جـۆرە بەرهەمـە لەتـەواوی ناوچـەکانی تــری هەرێمەکــەدا (الاصطخــري،١٩٦٥،ص١٤٩)، ســەرەڕای چانــدن و کشــتوکاڵیکردنی کونجــی ئەویــش بەهەمــان شــێواز بــۆ خــۆراک لــە دەرهێنــانی ڕوون لــە هــەردوو شــاری بەلــخ و لوالـج سـوودی لێـی وەرگیرایـە (کـي لسـترنج،١٩٥٤،ص٥٠٩).

ســەبارەت بەهەرێمــی وڵاتــی ئەودیــو ڕووبــار بــە کۆمەڵێـک بەرهەمـی کشـتوکاڵی بەناوبانـگ بووینـە سـوودی لێوەرگیــراوە لــە کارگــە پیشــە ســازیەکاندا، زۆربــەی شــارەکانی ئـەم هەرێمـە بـە چانـدنی لۆکـە بەناوبانگـە بـوون، بەتایبەتـی تەواسـیس (الطواسـیس) بـە زۆری بەرهەمـی لۆکـە ناسرابـوو (الاصطخري،١٩٦٥،ص ص٢٨٨، ٣١٣)، هەروەهـا ناوچـەی زندیـن سـەر بـە شـاری بوخاریـە بـە چانـدنی بەرهەمـی لۆکـە بەناوبانگـە کـە نـاسراوە بـە زندنیجـی بەهـۆی زۆریـی بەرهەمەکەیـەوە، ڕەوانـەی دەرەوەی دەکـرد بەتایبـەتی شـام و میسر و دەوڵەتـی بێزەنتــی (الراونــدی،٢٠٠٥،ص٢٦٠) لەبــەر زۆریــی بەرهەمــی لۆکـە لـە شـاری بوخـاری بـە الکربـاس[٦] ناسرابـوو، هەروەهـا ناوچــەی شــاش بــەشی زۆری بەرهەمــەکانی لۆکــەی ڕۆژهــەڵاتی هەرێمەکــەی لەخــۆ دەگــرت (بارتولد،١٩٨١،ص٣٦٥).ســەرەڕای چانــدنی لۆکــە لــە هەرێمــی وڵاتــی ئەودیــو ڕووبــار بــە چانــدنی قامیــشی شــەکریش بەناوبانــگ بــووە، بــۆ خــۆراک و پیشەســازی شــەکر ســوودی زۆری لــێ وەرگیــراوە، بەشــێک لـە ناوچـەکانی هەرێمەکـە بـەم بەرهەمـە بەناوبانـگ بـوون، بەتایبــەتی بوخــاری و زەوییــەکانی جــوی مولیــان بەرهەمێکــی زۆریــان لــە شــەکر هەبــووە نرخــی بەرهەمەکــەی دە هــەزار درهــەم دەبــوو لــە ســاڵێکدا (النرشــخي،١٩٦٥،ص٤٧).

٥. قەوازیان(القواذیان):شارێکە دەکەوێتە سەر ڕووباری جەیحون دەکەوێت سەرووی شاری ترمز یاقوت الحموي،١٩٩٦، ج٤، ص ٤١٠.

٦. الکرباس:جۆرێک بوو لە پیشەسازی لۆکەی بە بریسکە.(النرشخی،١٩٦٥،ص٣١).

بەرهەمێکی تر لە کارگە پیشە سازیەکاندا پشتی پێدەبەسترا بریتی بووە، لە زعفەران[٧] یەکێک لە ڕووەکە نایابەکان، وەکوو مادەیەکی سەرەکی لە دروستکرنی بۆیە بەهەموو جۆرەکانیەوە بەکاردەهات، بەتایبەتی ڕەنگی سوور و زەردی لە هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار زۆر بەناوبانگ بووە، هەروەها بەکارهێنانی زەعفەرانی سوور لە دروستکردنی بۆن بەکارهاتووە چونکە بۆنێکی زۆر خۆشی وەکوو میسک هەبووە (النويري،١٩٥٤،ج١١،ص٢٤٦؛ عاشور،١٩٨٦،ص٩٠)، بەشێک لە جووتیارانی ناوچەکانی شومان و واشجردکە دەکەوێتە نزیک شاری ترمز خەریکی کشتوکاڵیکردنی زەعفەران بوون، بەهۆی زۆری ئەم بەرهەمەلە ناوچەکەدا هەناردەی ناوچەکانی تریان دەکرد بەتایبەتی سەغانیان (ابن حوقل،٢٠٠٩،ص ص ٣٩٤، ٤٨٥)،بە هۆی بایەخ دانی قەرەخانییەکان بە پیشەسازی زەعفەران، لەم ماوەیەدا بڕی بەرهەمهێنانی زەعفەران لە وڵاتی ئەودیو ڕووبار زۆر زیادی کردبوو (بارتولد،١٩٨١،ص١٥٤؛شريف،٢٠١٩،ص٢٠٥)، هەروەها بوونی جۆرە ڕووەکێکی لەم هەرێمە لە کاری ڕەنگردندا سوودی زۆری هەبووە ئەویش ڕووەکی(الفوە)یە[٨] بەشادەماری بۆیە کردن ناسراوە (الجوهري،١٩٨٧،ص ٥٣٢)،ئەمەش بەڵگە و گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن کە لە سەر زیاد بوونی پیشەسازی لەم هەرێمەدا لەو سەردەمەدا زۆر لە زیاد بوون دابووە.ئەوەی ئێمە بۆمان ڕوون دەبێتەوەی لە هەردوو هەرێمەکەدا بایەخ بەو جۆرە دار و درەختانە دراوە کە لە پیشەسازی بەکار دەهات بەتایبەتی پیشەسازیی دارتاشی لە هەرێمی خوراسان زۆر بایەخی پێ دراوە، بەتایبەتیش لە شاری هەراة، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە دارانە زۆرتر لە کەناری ئاوەکان دەڕوا (السمعاني،١٩٩٩،ج٢،ص٤١٧؛ الحموي،ج٤،ص٤٧١)، بەتایبەتی لە ناوچەی بوشنج، بەرهەمی داری ئەو ناوچەیە بۆ زۆربەی ناوچەکانی تر هەناردە دەکرا (ابوالفداء،١٨٤٢،ص٤٥٠)، گرینگترین ئەو دارانەی بە پلەی یەکەم لە پیشەسازی دارتاشی بەکاردەهات بریتی بوو لەداری السرو[٩] دارێکی بەهێز بووە (القزويني،د.ت، ج٢،ص١٧)، ئەم جۆرە دارە وڵاتی ئەودیو ڕووبار زیاترلە ناوچەی سەمەرقەند باوبووە، ئەمەش بۆ دەوڵەمەندنیی شارەکە لە ڕووی سەرچاوەی ئاوی و بوونی کەشوهەوایەکی گەنجاو لەبار دەگەڕێتەوە (النرشخي،١٩٦٥،ص٤٥؛ الحميرى،١٩٨٠،ص٣٢٢))، هەروەها لەبەر ئەوەی سروشتی ئەم دارەختە وای کردوە لە کەشوهەوای نیمچە شێداردا بڕوێت و ئەم شارەش زیاتر بە بەرهەمی ئەم جۆرە درختە لە شارەکانی تر بەناوبانگتر بێت (كي لسترنج،١٩٥٤،ص٥٠٩)، هەموو ئەم دار و درختانە لە پیشەسازی دارتاشی[١٠] بە هەموو جۆرەکانییەوە بەکار دەهات.سەرەڕای زۆربوون و ڕواندنی جۆرە ڕووەکێکی پزیشکی لەوانە داری (کثیراء)، جۆرە دارێکی سروشتیە زۆرت لە ناوچە چیاییەکان دەڕوێت، زیاتر لەلای دوکاندارەکان لە بازاڕ دەست دەکەوت، بۆ چارەسەرکردنی کۆخەو ئازاری گورچیلەکان ومەعیدە و چەند نەخۆشیەکی تر سوودی زۆری هەبووە، هەروەها لە پیشەسازی بۆیە کردن بەکارهاتووە(طايع،٢٠٠٧،ص١٣٢)، هەروەها بوونی جۆرە ڕووەکێکی تر بەناوی ڕیباس (الريباس)[١١]ئەم جۆرە زیاتر لەناوچە چیایەکان دەڕوا، لە ڕووی پزیشکیەوە بۆ چارەسەرکردن سکچوون بەکار دێت هەروەها تامێکی زۆر خۆش و ڕەنگێکی جوانی زەردی هەیە، بۆ چارەسەرکردنی تاعوون سوودی لێی وەرگیراوە (الغساني،١٩٨٥،ص ص٧، ٦٩)، بوونی ڕووەکی(الاهليلج)[١٢]، وەکوو ڕووەکێکی پزیشکی بەکار دەهات، سەرەڕای

٧. زعفەران: بەزمانی سریانی پێ دەڵێن کرکوم، بەفارسی کریماس جۆرە ڕوەکێکە گوڵ دەردەکات، سوودی زۆری بۆ خواردن هەیە، سەرەڕای ئەوەی زەعفەران لەپیشەسازیش بەکاردێت بەتایبەتی بۆن و یاخود بۆ بۆیە دروستکرن بەکاردێت..(الانطاكي،٢٠١٩، ج١،ص١٧٨).

٨. الفوە:جۆرە ڕووەکێکە لە کاری بۆیە کردن بەکاردێت ڕەنگێکی سووری هەیە زۆرتریش لە ناوچەی قواذیان دەڕوێت.المقدسى،٢٠٠٣،ص ٣٢٦؛الادريسى، ٢٠٠٢،ج١، ٤٩٠.

٩. السرو:یەکێکە لە درەختە باشەکان باڵایەکی بەرزی و بە هیزی هەیە.القزوينى،د.ت،ج٢،ص ١٧.

١٠. دارتاشی:ئەو پیشەیە کە مرۆڤ بژێوی خۆی پێ پەیدا دەکات، بە دروستکردنی خانوو وکەلوپەلەکان ناوماڵ لە دار. (الفيروزابادى،٢٠٠٣، ص٧٣٨.

١١. ریباس، ڕیباس،ریوند: جۆرە ڕووەکێکی خۆرسکە لەناوچە چیایەکاندا دەڕۆێت، ثابتى،١٣٣٣ش،ص ٢٦.

١٢. الاهليلج: جۆرە ڕووەکێکە لە بنەڕەتدا لە هیند دەچێنرێت،دواتر بەردەوامی بە چاندنی دراوە لە کابل وهورات. ابن منظور، ١٤١٤ه، ج١٥،ص ٢٤٠.

بوونی ڕووەکی تری ترنجین و کاوزبان، لەدروستکردنی بۆن و لە هەمان کاتدا لەڕووی پزیشکیەوە بۆچارەسەری کۆخە و سەرمابوون بەکاردەهات (ابن البيطار،١٩٩٠،ص٨٨). لە هەرێمی بلاد ماوراء النهر دار و درەختێکی زۆر لەم هەرێمەدا بەشێوەیەکی بەرفرەوان بڵاوبوویەوە لە دوای پێگەیشتنیان لە زۆر بواردا بەکاردەهات، لەگرنگترین ئەو دارودرەختەی لەم هەرێمەدا سوودی لێوەردەگیرا بریتین لە گوێزو فستق و باوی (النويري،١٩٥٤،ج١١،ص٨٦)، ئەم دارانە زیاتر لەناوچە چیاییەکان شین دەبوو، بەتایبەتی هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار کە جۆریەتیی بەرهەمی ئەو فستقەی لەم هەرێمە دەڕوا لە هیچ شوێنکی دیکەدا نەبوو (ابن حوقل،٢٠٠٩،ص٣٩٢)، ئەمش لەبەرخۆشی تامەکەی ناسکی و تەنکی پەلکەکەی(ابن البيطار،١٩٩٠،ص٨٩)، هەروەها هەرێمی صغد بە باوی و فستق بەناوبانگ بووە (النرشخي،١٩٦٥،ص٤٦)، لەم نێوەندا سمرقند شوێن وپێگەی یەکەمی هەبوو (القزويني،٢٠١٣،ص٥٥٤).هەر سەبارەت بە کشتوکاڵیکردنی بەرهەمی کاکڵەدارەکان لە هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار، بەشێک لە جوگرافیناس و مێژوونووسە موسڵمانەکان باسیان لێوەی کردووە، ئەویش لەو بەرهەمانە بریتی بووە لە کاکڵەدارەکان جووتیارەکان توانیویانە تێدا سەرکەتووبن، بریتی بووە لە گوێز لە ناوچەی بەلخ ولەوالج و گوندی شکت دەکەوێتە فرغانە، بەهۆی زۆری بەرهەمی گوێزی لەم گوندە وای کردبوو نرخەکەی هەرزان بێت، هەزار گوێز بەدرهەمێک بفرۆشێت ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە هەر چوار دەوری گوندەکە بە بەدار گوێز داپۆشرابوو کە لە نزیک ڕووباری سیحون بوو، بەم جۆرە چاندنی بەرهەمی گوێز لە هەردوو ناوچەی بەلخ و لەوالج زۆربوو (ابن حوقل،٢٠٠٩،ص٤٨٧؛ المقدسي،٢٠٠٣،ص ص ٣٢٤-٣٢٥) هەر لە ناوچەی فرغانە بەتایبەتی ئەو ناوچە چیایانەی لەگەڵ ناوچەی تورکان درێژ دەبوویەوە زۆرترین دارگوێزی لێ بووە هەروەک جوگرافیناسان لە بارەیان و گوتووە((بەبێ ئەوەی مرۆڤ دەستی لە ڕواندنی هەبێت وخاوەنی بێت)) (الاصطخري،١٩٦٥،ص٢٩٥؛ ابن حوقل،٢٠٠٩،ص٣٩٢؛ القزويني،٢٠١٣،ص٦٠٣).بەهۆی زۆریی باوی و بندق بەرهەمەکەشی لە باشترین جۆرەکانی بووە، گەورەترین ڕێژەی بەرهەمهێنانی لەم ناوچەیەبووە واتە لە هەرێمی وڵاتی ئەودیو ڕووبار بووە (كي لسترنج،١٩٥٤،ص٥٠٩؛ بارتولد،١٩٨١،ص ص١٨٥، ٣٦٥)، لە هەمان کاتدا شاری بنجیکس(بنجيكث)بە باغ و بێستانی زۆر و بەرهەمی باوی و گوێز بەناوبانگ بووە (كي لسترنج،١٩٥٤،ص٥٠٩)، هەروەها هەرێمی خوارزم بە زۆری گوێز بندق بەناوبانگ بووە. گوندی(کند)ی سەر بە شاری خجندە بە باوی بەناوبانگ بووە، تەنانەت ناویی بەرهەمەکەی لەگەڵ ناوی شارەکەی(کندبادم) واتە شاری باوی کە شارەکە پێی ناسراوە (القزويني،٢٠١٣،ص٥٤٤)، بەهۆی باشی جۆرەکەی بە دەست توێکڵەکەی بە دەست دەشکا (الحموي،١٩٩٦،ج٢،ص٣٤٧؛ القزويني،٢٠١٣،ص٥٤٤)، هەروەها درەختی کجم لە بوخاری زۆر بووە (النرشخي،١٩٦٥،ص٤٥)، لەگەڵ بوونی داری تەبەرخۆن[١٣] کە جۆرێکە لە تەرنیجین کە لەچیای بتم و لەفەرغانە زۆرە (الحميري،١٩٨٠،ص٤٤٠) هەروەها بوونی جۆرە ڕووەکێکی تر لە شاری سمرقند بەناوی(الشاهسفرم)) ناوە فارسیەکەی شاهسفرم کەبەمانای پاشای بۆنەکان دێت، جۆریک بوو لە ڕووەکە بوندارەکانی وەکوو ڕەیحانە و قەرنفل (النرشخي،١٩٦٥،ص٤٥؛فامبري،١٩٦ ٥،ص١٠٨).

٤. ٤. جۆرەکانی خاوەنداریەتیی زەوییە کشتوکاڵییەکان.

دابەشکردنی زەوییەکان و خاوەنداریەتیان سیستەمی خاونداریەتی زەوییەکان لە هەردوو هەرێمەکەدا بەهەمان شێوازی سەردەمی دوای فەتحکردنی ئیسلامی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، هەرلە ژێرکاریگەری ئەم دابەشکردنە باجی بەسەردا سەپێنراوە، هەروەها چۆنیەتی و سروشتی فەتحکردنەکەی بڕیار لەسەر سەپاندنی باج دەدات ئایا بە بەئاشتی یاخود بە شەر ئازادکراوە (العامري،٢٠٠٧،ص٧٨)، بەشی زۆری ئەو زەوییانە بەرێگای ئاشتی فەتحکرابوون، ئەمەش لەرێگای

١٣. تەبەرخۆن(طبرخون):جۆرە ڕووەکێکە وەکوو ڕووەکێکی سەیرکراوە و ڕەنگێکی سووری هەیە زۆرتریش لە ناوچە چیایەکان هەیە بەتایبەتی لە چیای بتم لە فرغانە زۆرە.ابن حوقل،٢٠٠٩، ص ٤٢٢.

بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو گرێبەست لەنێوان موسڵمانەکان و میری شارەکان ودهاقنەکان[١٤] ئەنجام دراوە، بەشێکی زۆریان لەژێردەستی خاوەنەکانیان مایەوە تەنها باجی خەراجیان دەدا بەرزگارکەرە موسڵمانەکان وەکوو کرێ زەوییەکە لەبنەڕەتدا پێیان دەگوت زەوییە خەراجیەکان[١٥].

٤. ٤. ١. زەویە دابڕاوەکانی دەسەڵاتداران:

ئەو زەویانەی تایبەت بوون بە سوڵتانەکان لە هەرێمی خوراسان لە سەردەمی غەزنەویەکاندا چەند ناوێکی جۆراوجۆری لەو سەردەمەدا هەبوو، بە زەویی تایبەتی سوڵتانەکان ناسرابوون، کە تایبەت بووبوون بە خودی سوڵتان، یاخود بە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت وەکوو میرەکان و خانەوادەی بنەماڵەی غەزنەویەکان، هەروەها ئەو زەوییانەشی دەگرتەوە تایبەت بوون بەزەوی وەزیرەکان و پیاوانی دەوڵەت، ڕووبەری ئەم زەوییانەش لەدوای پاکردنەوە و شکردنەوەی زەلکاوەکان کۆتایهێنان بە ئاوەکان فرەوان دەبوو و دەبوونە سەرچاوەیەک بۆ هەندێک لە وەزیرەکان لە دوای دابڕانیان لەکارەکانیان، لە ئەنجامی دەستبەسەرداگرتنی زەوی لە سەردەمی غەزنەوییەکان لە ژێر ناوی جۆراوجۆر لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بووە هۆکاری ئەوەی لەلایەن دەستەی دیوان، دیوانێکی بۆ دامەزرێت، بەناوی دیوانی وەکالات، ئەم دیوانە سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی زەویی سوڵتانەکان و میرەکانی دەکرد، سەرەڕای سەرپەرشتکردنی لایەنی دارایی لە بەڕێوەبردنی کاروباری پاشادا، یەکێک لەوکەسانەی سەرپەرشتی ئەم کارەی دەکرد بەناوی(ابوسعید)کەلەلایەن سوڵتان محمودی غەزنەوی دامەزرا وبەردەوام بوو لەکارەکەی بۆماوەیەکی دوورودرێژ (البیهقی،١٩٦٥،ص ص ١٣٦-١٣٧؛ مؤنس، ١٩٨٧،ص٢٣٠؛همزة،٢٠١٣،العدد١٨،ص٢٩٥)، (ابوسعید) زۆر جار هەڵدەستا بەدانانی سەرپەرشتار لەسەر زەوییەکانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا، زۆرترین ئەو زەویانەشی کەلەم شێوەیە بوون کەوبوونە شاری غەزنە(العمادي،١٩٩٧،ص١٤٠).

دەکرێت بڵێین زۆرترین ئەو زەویانە دەگەرێنەوە بۆسامانییەکان، لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی سامانییەکان، غەزنەویەکان بوونە خاوەنی هەرێمی خوراسان، البتکین[١٦] خاوەنی گەورەترین ڕووبەری زەوی غەزنەویەکان بوو لە خوراسان و وڵاتی ئەودیو ڕووبار، لە سەردەمی سامانییەکان لە هەردوو هەرێمەکەدا دەگەیشتە پێنج سەد پارچە زەوی، سەرەڕای بوونی چەندین کۆشک وتەلاروباغ و بێستان وقافلەو حەماماتیان هەبووە(البیهقي،١٩٦٥،ص ص١٣٦-١٣٧؛الطوسي،٢٠٠٧،ص١٥١). هۆکاری ئەو ڕێژە زۆرەی زەوی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە غەزنەویەکان دەستیان بەسەر هەردوو هەرێمەکەدا گرتبوو.لێرەدا بۆمان بەدیار دەکەوێت لە سەردەمی غەزنەویەکان سوڵتانەکان بایەخ و گرنگیان بە زەوییە کشتوکاڵییەکان داوە وەکوو بابەتێکی گرنگ لەسامانی دەوڵەتدا تەماشاکراوە، بۆیە خاوەنداریەتی ڕێژیەکی زۆری زەویان لەشاری هراة کردووە، هەر بۆیە سیستەمی خاوەنداریەتیی زەوی سوڵتانەکان لەم شارەدا لە سەردەمی غەزنەییەکان بۆ دوو جۆر دابەش کرابوو ئەوانیش: زەویی تاج تایبەت بوو بە خودی سوڵتان بەڵام زەوی تایبەت، تایبەت بوو بە سوڵتانەکان و دارودەستەکەی (طایع،٢٠٠٧،ص١٢٢)، سەرەڕایی بوونی زەوی تایبەت بە سوڵتانی سەلجووقی لە مرو و شاهنجان دەگەڕانەوە بۆ سوڵتان سنجری کوڕی ملک شاە سەلجووقی(م:٥٤٨ک/١١٥٣ز)ئەو زەویانەشی لەڕێگەی دیاری پێ بەخشرابوو (الحموي،١٩٩٦،ج٤،ص٢٥٤)، هەروەها بوونی زەوی سوڵتانی لەشاری سمرقند کە ڕێژەکەی دوازدە فەرسەخ دەبوودەکاتە(٧٢کم)بریتی بوو لە باغ و بێستان،

١٤. دهاقنەکان:نازناوێکی کۆنی فارسیە لە بنەڕەتدا لە فارسیدا بەگوند یاخود بەخەڵکی گوندەکە یاخود بە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی گوتراوە، کە خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆرو زۆر جاریش خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێزبوون. حسانین،سلاجقة ایران والعراق،١٩٥٩، ٢٧١؛ فروزانی،، ١٣٨١ش، ص١٦١.

١٥. زەوییە خەراجیەکان:ئەو زەویانە دەگرێتەوە لەلایەن موسڵمانەکانەوە لەرێگای ئاشتی یاخود بەشەڕ ڕزگارکراوە،بۆهەرزەوییەک ئەحکامی شەرعی خۆی هەبوو لەڕووی خاوەنداریەتیەوە،ئەم جۆرەزەویانە دەگەرانەوە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی،نەدەبوو کرین و فرۆشتنیان پیبکرێت.بۆزانیاری بروانە:یحیی بن ادم، ١٩٧٩،ص ص ٢١-٢٨؛الماوردی،٢٠٠٦،ص ص ١٨٧-١٨٨.

١٦. البتکین:ویلایەتی بوخارای لەپێش کورخانی قەرەخانی لە ساڵی ٥٣٦ک/١١٤١ز وەرگرت،توانیەتی قەڵای ئەرک لە شاری بوخارا بکاتە بنکەی دەسەڵاتی خۆی، پێش ئەوەی غوزەکان لەوێ دەربکەن.العامري، ٢٠٠٧،ص٨٦.

سـوڵتان ڕۆڵـی خـۆی لـە دروسـتکردنی مزگـەوت و قـەڵا لـەم زەویانـە دەگێـرا (الحمـوي،١٩٩٦،ج٣،ص٦٧)، ئێمـە لێـرەدا زیادەڕۆیەکـی زۆر دەبینیـن بەهـۆی زۆری وگەورەیـی ڕووبـەری زەوییـەکان. بەپێـی ئامـاژەکان دەردەکەوێـت زەوییەکانـی سـوڵتانەکان لـە هەرێمـی وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار بەتـەواوی لەنێـوان قرەخانییـەکان و شـوێنکەوتووەکانی لـەدوای وەرگرتنـی دەسـەڵات لـە سامانییەکان دابـەش کـرا (الكرديـزي،٢٠٠٦،ص٨٥)، بەشـێکی زۆرلـە پاشـماوەکانی سـامانی بـوو بەقەرەخانییـەکان، هـەروەک بەشـێکی زۆری زەوی وزاری گوندەکانـی شـاری بوخاری شـمس الملـک ئیلکخانـی((٤٧٢ک/١٠٧٩ز) خاوەنـی بـووە، لـەدوای ئەویـش نصرخانـی کـوڕی تمغفـاج بـرای بـووە خاوەنـی (النرشـخي،١٩٦٥،ص٤٨)، خانەکانـی ئیلکخانییـەکان خاوەنـی زەوی زۆربـوون لـە بوخـاری و سـمرقند کردبیـان بەبـاغ و بێسـتان لەجوانیـدا هاوشـێوەی نەبـووە، بـەم شـێوەیە دەستاودەسـتکردنی خاوەنداریتـی موڵـک ومـاڵ لەنێـوان قرەخانییـەکان هەتاوەکـوو هاتنـی ارسـلان خان[١٧]بـەردەوام بووە.هەرلـە سـەردەمی سـەلجووقیەکان لـە هەرێمـی مـا وراء النهـر ئـەو زەویانـەی سـەر بەسـوڵتان بـوون، بـەزەوی سـوڵتانەکان ناسرابـوون، ئەمـەش بـەردەوام بـوو هەروەکـوو سـەردەمی بوەیهیەکان[١٨]،لەسـەر شـێوازی سیاسـەتی لەخۆگرتن(التضمیـن)[١٩] لـە سـەردەمی بوەیهیـەکان بـەردەوام بـوو، لـە سـاڵی٤٥٢ک/١٠٦٠ز لەلایەن(ابواسـحاق ابراهیـم بـن غـلان البویهی)سـەرجەم زەوییەکانـی سـوڵتانی لەواستەوە هەتاوەکوو صرصر[٢٠]، لەخـۆی گرتبووبۆمـاوەی سـاڵێک هەشـتاهەزار دینـار، حەفتـا هـەزار بـۆ حـەوت سـەد دۆنـم (ابـن الجـوزي،١٩٩٢،ج٤،ص٢٢٢)، هەمـوو سـوڵتانەکانی سـەلجووقی لەتـەواوی ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی زەوی تایبـەت بەخۆیـان هەبـوو لـە هەرێمـی ماوراءالنهریـش بـە هەمـان شـێوازە بـووە، بەتایبـەت ئـەو زەویانـەی بەپیـت وبەرەکـەت بووینـە لەشـارەکانی سـمرقندوبخاری وفرغانـە (قـري،٢٠٠٧،ص١٥١).

ئـەوەی لێـرەدا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە جیاوازیەکـی ئەوتـۆ لـەم بابەتـەدا بـەدی ناکـەن لەنێـوان هـەردوو هەرێمەکـەدا، چونکـە ئـەو زەویانـەی سـوڵتان خاوەنداریەتـی دەکـرد هەرموڵکـی خانـەوادەی سـوڵتان بـوون، تەنیـا لەکاتـی گۆڕانـی یاخـود نەمانـی سـوڵتانی دەسـەڵاتدار زەوییـەکان خاوەنەکانیـان دەگـۆڕا، هەرهەرێمـە و یاسـاو ڕێسـای تایبەتـی بـۆ خاوەنداریەتـی هەبـوو، بـەڵام لەکۆتاییـدا هەرخاوەنداریەتـی زەوییـەکان لـە هـەردوو هەرێمەکـەدا بـۆ چینـی فەرمانـڕەوا دەگەڕایـەوە، بـەڵام ئەگـەر سـەرەنج بدەیـن لـە هەرێمـی وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار بارودۆخـی دەسـت بەسـەرداگرتنی زەوییـەکان لەلایـەن دەسـەڵاتدارانەوە زۆرخـراب تـر بـووە لـە هەرێمـی خوراسـان بەتایبەتـی لـە دوای نەمانـی سـامانییەکان و سـەرهەڵدانی میرنشـینەکانی تـرو کاریگەریـەکان لەسـەر ئـەم هەرێمـە زۆر زەق بوویەوە(بارتولـد،١٩٨١،ص٤٥٤)، بەتایبەتـی لـە دوای سـاڵی(٤٢٧ک/١٠٣٥ز) ئـەو دابەشـبوونەی کـە لـە سـەردەمی قەرەخانییـەکان[٢١] ڕوویـدا و هەروەهـا لـە دوای بەدیارکەوتنـی سـلجوقیەکان زەوییـەکان زیاتـر بەهاکـەی خـۆی لەدەسـتدا، تەنانـەت هیـچ کەسـێک ئامـادە نەبـوو زەوی وەک دیاریـش وەربگریـت، وەتەنانـەت ئەگـەر کەسـێک زەوییەکـی بکڕیبوایـە نـەی دەتوانـی بیکێڵـت بـە هـۆی زەحمەتـی مـەرج و ڕێوشـوێنەکان کـە لەلایـەن دەسـەڵاتداران لـە بەرامبـەر چینـە ژێـر دەسـتکانیان بەکاریـان دەهێنـا زۆر بێبەزیانـە بـوو (بارتولـد،١٩٨١،ص٤٥٥).

---

١٧. ارسـلان خان:نـاوی تەواوی)محمـد تکیـن بـن سـلمان بـن داود بـن بغراخـان الثالث)بـوو توانیویەتـی فەرمانڕەوایـی بەشـیکی زۆری ناوچەکانـی ماوراءالنهرلـە سـاڵی ٤٩٥ک /١١١٧زوەربگرێـت، لەوانـە بوخـاری سـەمەرقەند لـە ژێردەسـتی ئیلکخانییـەکان بـووە لـە سـەردەمی سـوڵتانی سـەلجووقی برکیـاروق، هەتاوەکـوو سـاڵی ٥٢٥ک/١١٣٠زلەژێردەسـتی مایەوە،لـە سـەردەمی ئـەدا ناوچەکـە هاتنـە ژێرئـاڵای ئیسـلام.ابن الاثیـر،١٣٥٧هـ،ج٩،ص ٥٩؛زامبـاور،٢٠٠٨،ج٢،ص ٣١٢.

١٨. بوەیهیەکان:لەبنەڕەتـدا لـە ڕەگـەزی دەیلەمیـن و فارسـنین لەباشـوری دەریـای خـەزەر نیشـتە جـێ بـوون مـاوەی دەسـەڵاتیان ٣٣٤-٤٤٧ک/٩٥٦-١٠٦٩ز بوو.مسـکویة، ٢٠٠٣،ج١،ص ص ٢٧٥-٢٧٩.

١٩. لەخۆگرتن(التضمین):بریتییـە لـە خۆگرتنـی خـەراج لەلایـەن کەسـێکەوە بەڕێژەیەکـی دیـاری کـراو، لـەدوای ڕێکەوتـن لەگـەل خاوەنەکـەی بۆزانیـاری بڕوانـە: طرخـان،،١٩٦٨،ص ٧٦.

٢٠. صرصر:دەکەوێتە خاکی عێراقەوەدووجۆرصرصرهەیە،صرصری خوارو وسەڕوو. الحموی،١٩٩٦،ج٢،ص ٤٠١.

٢١. ململانـێ لەنێـوان میرەکانـی قەرەخانییـەکان زیاتـر بـوو بەتایبەتـی لەنێـوان کوڕانـی (طغفـاج خـان بـن نـصر ایلـک) هەروەهـا خـراب بەکارهێنانـی زەوییـە کشـتوکاڵییەکان و سـکڵای بنەماڵەکـەی، بۆزانیـاری بڕوانە:ابـن الاثیـر،١٣٥٧هـ،ج٧، ص٢٩٧.

٤،٤. ٢. زەوییە دابڕاوە تایبەتیەکان:

بەتـەواوی ئـەو زەویانـەی خاوەنەکانیـان ڕاسـتەقینەن دەگرێتـەوە، ئینجـا ئـەو کەسـە موسـڵمان یاخـود نـا موسـڵمان بێـت، خاوەنەکـەی مافـی تـەواوی هەیـە لـە چۆنییەتیـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ زەوییەکـەی، بـە نموونـە وەکـوو کڕیـن و فرۆشـتن یاخـود پێدانـی بەکەسـی دیکـە، دەتوانیـن بڵێـن زەوییەکانـی هـەردوو هەرێمـی خوراسـان و ماوراءالنهـر لـەم بابەتەبـوون (العامـري،٢٠٠٧،ص٨٢)، خاوەنداریەتیـی تایبـەت لـەم ناوچەیـەدا لـە سـەرچاوەکاندا بـە چەنـد جۆرێـک بـووە لەوانـە دەرەبەگایەتیـی ئـەو موڵکـە کۆنەشـی کـە بـە دەسـتی خاوەنەکەی مابوویـەوە دەگرێتـەوە (حسـن،١٩٩٦،ج٣،ص٣٠٣)، هەروەهـا ئـەو زەویانـەی زینـدوو دەکرێنـەوە یاخـود ئـەو زەویانـەی لـە زەلـکاوەکان دەرهێـنراون و پاکراونەتـەوە ئەوانـە بوونـە موڵکـی تـەواوی خاوەنەکانیـان (قدامـة بـن جعفـر،١٩٨١،ص٢٢٣) هەروەهـا ئـەو دەربەگایەتیانـەش خاوەنەکانیـان لـە شـازادەکان و سـەرکردەکانی سـوپا بـوون دەگرێتەوە،لەگرینگتریـن ئـەو کەسـانەی خاوەنداریەتـی ئـەم جـۆرە زەویانەیـان لـە هەرێمـی خوراسـان دەکـرد، بریتـی بـوون لـە وەزیرەکانـی فەرمانـڕەواکان بەنموونـە لـە دەوڵەتـی غەزنـەوی وەزیـر احمـد حسـن المیمندی و ابـی علی حسـن بـن محمـد العبـاس،م:٤١١ک/١٠٣٢ز بە(حسـنک) نـاسراوە، ئـەم وەزیرانە خاوەنـی ڕووبەرێکی فرەوانـی زەوی وزاری بـوون، ئـەوان لەڕاسـتیدا توانیـان ببنـە خاوەنـی مـاڵ وسامانێکی زۆر، بۆیـە کاتێـک سـوڵتان محمـودی غەزنـەوی لێخۆشـبوونی بـۆ وەزیـر المیمنـدی لـە پلـەی وەزیـر دەرکـرد، دواتریـش وەزیـر المیمنـدی لـە سـاڵی(٤٠٤ک/١٠٠٩ز) بەنـدی دەکات هەتاوەکـوو سـاڵی(٤١٥ک/١٠٢٠)(الثعالبي،١٩٦٠،ص ٧٦٢)، لـە هەمـان کاتـدا دەسـتی بەسـەر تـەواوی پـارەو سـامانەکەی داگرت زیاتـر لەحەفتا هـەزار درهـەم دەبـوو، هەروەهـا کاتێـک فەرمانـی لەسـێدارەدان بـۆ وەزیـر حسـنک دەرچـوو، سـوڵتان مسـعودی غەزنـەوی فەرمانـی دەرکـرد ئەنجوومەنێـک پێـک بهێنرێـت تـەواوی پیاوانـی دەوڵـەت لـە وەزیـرو و دادوەر و جووتیـارەکان کاربەدسـتان تێـدا ئامادەبـن، بـۆ نووسـینەوەی تـەواوی ئـەو مـاڵ وموڵکـەی وەزیـر لـەزەوی و سـەروەت وسـامان هەیەتـی بەنـاوی سـوڵتان بکرێـت، بـۆ ئـەوەی نەتوانـن شـوێن وپێگـەی خۆیـان بقۆزنـەوەو بـۆ بەرژەوەنـدی تاکلایەنـەی خۆیـان و بـەکاری بهێـن زەوی بـەزۆر لەخەڵـک وەربگـرن، دادوەر سـوڵتان مەسـعودی دڵنیـا کـردەوە بـە تاوانبارکردنـی وەزیـر حسـنک بـە دەسـت درێـژی کـردن بـۆ سـەر زەوییەکانـی بنەماڵـە وخێزانـی میکائیلیـەکان[٢٢]، بەتایبـەت ئـەو زەویانـەی بـۆ ئـەم بنەماڵەیـە دانرابـوو (البیهقـي،١٩٥٦،ص ص١٣٦-١٣٧؛الطـوسي،٢٠٠٧،ص١٥١).

لـە هەرێمـی وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار بـە هەمـان شـێوازی هەرێمـی خوراسـان زەوی وزار دابـەش کـراوە، شـازادەکان خاوەنی زەوی زۆربـوون بەتایبـەت لەشـاری بوخـاری لەوانـە شـمس الملـک القرخانـي(م:٤٧٢ک/١٠٩٢ز)، دەسـتی بەسـەر تـەواوی ئـەو زەویانـەی بەسـەر ڕووبـاری جیحـون دەیڕوانی داگرتبـوو بەتایبەت بوخـاری و سـمرقند، ئەمـەش بـۆ بەپیتیـی زەوییەکـە دەگەڕێتەوە، کـە بـاغ و بێسـتانی زۆری لـێ چاندبـوو لـە جوانتریـن ناوچـەکان لـە ڕووی ئاوەدانـی و فرەوانـی، بۆیـە (شـمس ابـاد) نـاوی لـێ نابـوو سـەرباری ئـەوەی بـە لەوەڕگـەی زۆر دەوڵەمەنـد بـووە بـۆ لەوەڕاندنـی ئاژەڵـەکان، ئەمـەش بـەردەوام بـوو لـە ژێردەسـتیی قەرەخانییـەکان هەتاوەکـوو وەرگرتنـی دەسـەڵات لەلایەن ارسلان خـان، سـەرەڕای ئـەوەی مەمالیکەکانیـش لـەدوای گەیشـتنیان بـە پلـەی سـەربازی دەبـوون بەخاوەنـی زەوی ئەمەشـیان لەڕێگـەی کڕیـن و فرۆشـتن یاخـود بەدەرەبەگایەتـی وەریـان دەگـرت لەوانـەش البتکیـن، خاونداریەتـی زەوی وزارێکـی زۆری لـە هـەردوو هەرێمـی خوراسـان وماوراءالنهـری دەکـرد، سـەرەڕای ئـەوەی لـە هـەر شـارێک کۆشـک و بێسـتانی خـۆی هەبـووە (بارتولـد،١٩٨١،ص٣٦٩)، لـە سـەردەمی سـلجوقیەکان زەوییـەکان دابەشـکردنی زەیـەکان بـە دەسـەڵاتدارەکانی خۆیـان زۆر جـار دەدرایـە دەرەبەگـەکان کـە دەبوونـە خاوەنـی ڕاسـتەقینەی هەرکاتێـک بیویسـت بووایـە بـە ئـارەزووی خـۆی دەیتوانـی مامەڵـەی لەگـەڵ بـکات، هەروەهـا ئـەو زەویانـەی پشـتگوێی خرابـوون، یاخـود وشـک بـوون، کاتێـک لەلایـەن کەسـێکەوە زینـدوو دەکرانـەوە ئـەوە ئـەو کەسـە دەبوویـە خـاوەنی (قدامـة بـن جعفـر،١٩٨١،ص ص١٦٨، ١٧٠؛المـاوردي،٢٠٠٦،ص٢٣١)، هەروەهـا خاوەنەکانـی ئـەم جـۆرە زەویانـە لەلایـەن وەزیـرەکان

٢٢. میکائیلیەکان:یەکێـک بـوون لـە خانـەوادە زۆر کۆنەکانـی شـاری ڕەی بـە خانەوادەیەکـی زانسـت دۆسـت نـاسراون، تەنانـەت سـوڵتان مسـعود غەزنـەوی لـە سەردەسـتی ئـەوان زانسـتی وەرگرتووە.البیهقـی،١٩٥٦،ص٢٢٥.

و سـوڵتانەكانی سـەلجووقی پاڵپشـتی دەكران(الصـابي،د.ت،ص ص ٢٥٤-٢٦٠؛القلقشـندي،١٩٦٣،ج١٣،ص ص١١٣-١١٥) زۆر جـار سـوڵتان بخششـی هەندێـك لـە بنەماڵەكانـی دەكـرد بەبـێ ئـەوەی فەرمانبـەری دەوڵـەت بـن، وەك بەخشـینی پارچەیـەك زەوی لەلایـن سـوڵتان ملـك شـاە لـە سـاڵی ٤٧٩ك/١٠٨٦ز بـە صفیـە خاتونـی پـووری (ابـن الاثـیر،١٣٥٧ھ).

جۆرێكـی تـری زەوی هەرلـە چوارچێـوەی زەوییـە تایبەتـەكان، ئەویـش زەوی خەلكەكـە بـوو، بریتـی بـوون لـەو زەویانـەی جووتیـارەكان كـە لـە خەڵكـی گونـدەكان پێـك هاتبـوون سەرپەرشـتییان دەكـرد، بەشـی گـەورە لـە خاوەنـداری زەوییەكانیـان پێـك هێنابـوو، سـوربوون لەسـەر پاراسـتنی ئـەم زەویانـە بەمیـرات لـە بـاوك و باپیرانییـەوە بـۆ نەوەكانیـان مابوویـەوە، ئـەم جـۆرە لەزۆربـەی گونـد وشـارەكانی هـەردوو هەرێمـی خوراسـان وڵاتـی ئەودیـو ڕووبار بـاو بـووە، جووتیارەكان لـەم جـۆرەدا خاوەنداریەتیـەدا بەژداربـوون هەروەهـا بەشـێك لـە دەوڵەمەنـدەكان و بازرگانـەكان و سـەركردەكانی سـوپا بـە پـارەی تایبەتـی خۆیـان لێیـان دەكریـن (العـمادي،١٩٩٧،ص١٢٢).

ئەگـەر سـەرەنج بدەیـن دەبینیـن لـە سـەردەمی سـەلجووقی لـە هـەردوو هەرێمـی خوراسـان و هەرێمـی وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار خاوەنداریەتیـی تایبـەت هەندێـك بایـەخ و گرنگـی كـەم بـووەوە، لەبـەر ئـەوەی بەشـێكی زۆری بـۆ خێزانـی فەرمانـڕەوا تەرخـان كـراوە، موڵـك وماڵێكـی زۆریـان بەسـەر دابـەش كـراوە، بـۆ سـوودوەرگرتن لـە خۆدەوڵەمەندكـردن (ابـن تغـري بـردي،١٩٩٣،ج٥،ص١٣٧) زۆر جاریـش بەشـێك لەوانـەی خـاوەن پۆسـتی ئیـداری بـوون لەلایەن سـوڵتانەكانی سـەلجووقی ناوچەكە بەتـەواوی ئەدرایـە دەسـەڵات دارەكـە، دەسـەڵاتی یەكـەم بـوو لـە ناوچەكـە مافـی ئـەوەی هەبـوو بیداتـە بـە دەرەبەگەكانیـش (ابوشـامة،١٩٦٩،ص٢٦)، لـە ئەنجامـی ئەمـەدا بەشـێك لـە گەورەپیاوانـی دەوڵـەت بـن بـە خاوەنـی دەرەبەگەیاتیـی تایبـەت بـە خۆیـان وەكـوو وەزیـرەكان بـە نموونـە وەزیـر نظـام الملـك لەلایـەن سـوڵتان مەلیكشـاە دەرەبەگایەتـی بـۆ دانـرا (قـري،٢٠٠٧،ص١٥٦)، ئـەو زەوییـە دەرەبەگاتیـەی بـەم وەزیرە درا لـە ناوچەی طـوس[٢٣] بوو (سـبط ابـن الجـوزي،١٩٥١،ج٨،ص١٤٢).

لـە بـارەی نرخـی زەوی لەو سـەردەمەدا لـە هـەردوو هەرێمەكەدا لەكاتێكـەوە بۆكاتێكـی تـر جیـاواز بـوو، هەروەهـا ئـەو زەویانـەی دەكێڵـدران و دەچێـنران لەگـەڵ ئـەو زەویانـەی نەدەچێـنران و نەدەكێڵـدران جیاوازبـوو، نرخـی جەریـب بـۆ ئـەو زەویانـەی نەدەكێڵـدران هـەزار درهـەم بـوو، ئـەو زەویانەشـی دەچێـنران بەسـێ هـەزار درهەمـی بـوو (البیهقـي،١٩٥٦،ص ص٦٦٩-٦٧١). لەدابەشكاریەكانی زەوی تایبەتـدا لەنێـوان هـەردوو هەرێمەكەدا، ئێمـە جیاوازیەكـی ئەوتـۆ بەدیـی ناكەیـن، تەنیـا ئـەوە دەبینیـن لـە سـەردەمی سـەلجووقی لـە هەرێمـی ماوراءالنهـر زیاتـر دەسـەڵاتدارەكان وەكـوو چـۆن دەسـەڵاتیان لەژێـر دەسـتی دابـوو بـەم شـێوەیەش زەوییەكانـی ناوچەكانیـان لەژێردەسـتی خۆیـان دەهێشـتەوە دەبوونـە خاوەنـی تـەواو لەناوچەكـە یاخـود زۆر جـار لەلایـەن سـوڵتانەوە ناوچەیەكیـان پـێ دەدرا.

٣/ زەوییە دابڕاوەكانی وەقف.

ئـەو زەوییانـەی تایبـەت كرابـوو بـۆ كاروبـاری ئایینـی و بەرژەوەندیـی گشـتی دەگرێتـەوە، ئـەم وەقفـەش بـە شـێوەیەكی فەرمـی و تایبەتـی بـوو، لـەم كارەشـدا خەڵـك بـاوەڕی وابـوو ئـەم بۆكارێكـی چاكەیـە، سـەلماندی ئەمـە ئـەو كارە لەلایـەن خێزانـی میكائیلیـەكان ئەنجـام دراوە، كاتێـك بەشـێك لـە زەوییەكانـی نیسـاپووریان تەرخـان كـرد بـۆ ئـەوەی سـوودی لـێ وەربگیرێـت لـە لایـەن هـەژاران و نـەداران، ئـەم زەویانـەش بەپـێ دەسـتووری ئیسـلامی نابێـت بفرۆشرێـت یاخـود دەسـتی بەسـەر دابگیرێـت، هەروەكـوو ڕوویـدا لەلایـەن وەزیـر حسـنك هەوڵیـدا مامەڵـە بەهەندێـك لەزەوییەكانـی وەقـف بـكات، دواتـر لەلایـەن دادوەر سـكاڵای لەسـەر تۆماركـرا، دواتـر سـوڵتان مسـعود داوای كـرد بەگەرانـەوەی ئـەو زەویانـە بـۆ ئـەوەی هـەژاران سـوودی لـێ وەربگـرن، دواتـر لەلایـەن بەشـێك لـە فەرمانبـەران سەرپەرشـتی دەكـران پێیـان دەگوتـرا (سەرپەرشـتیاری ئەوقـاف)، ئـەم ئەوقافـە سەرپەرشـتی تـەواوی موڵكەكانـی ژێـر دەسـتی دەكـرد (البیهقـي،١٩٥٦،ص ٣٧-٣٨)، ئـەم جـۆرە وەقفـە لەتـەواوی ناوچەكانـی هەرێمـی خوراسـان وماوراءالنهـر بوونـی هەبـووە (الجبراني،٢٠١٥،ص١٤٣).لەكاتـی سـەردانی كردنـی یاقـوت الحمـوی

٢٣. طوس:شـارێكە لـە هەرێمـی خوراسـان لـە نێـوان ئـەم شـارەو شـاری نیسـابور دە فەرسـەخە دوو ناوچـە لـە خـۆ دەگرێـت ئەوانیـش طابـران و نوقـان. الحمـوي،١٩٩٦، ج٤،ص ٤٩.

بـۆ شـارەکانی مـرو و شـاهجان لـە سـاڵی(٦١٦ک/١٢١٧ز) لەنزیـک مزگەوتێـک قوبەیەکـی بینـی لەسـەر گـۆڕی سـوڵتان (سـنجر بن ملک شاە سـلجوقی٤٩٨_٥٢٠ک/١١٠٤_١١١٨ز) دروسـت کـراوە، ئەمـەش لـەدوای خـۆی ئـەم شـوێنەیان بـۆ دروسـت کـردووە، شـوێنێکی تایبەتـی بـۆ قورئـان خوێنـدن وهەروەهـا وەسـفی لەکتێبخانەیـەک بـە هـەزاران کتێـب لەخـۆ دەگرێـت، ئەمانـە وەقـف کرابـوو لەلایـەن سـوڵتانەکان وپاشـاکانی و ئەمیـرەکان وپیاوانـی دەوڵـەت بـەم شـیوەیە دەڵی:((تایبەتمەنـدە بـە ژمارەیەکـی زۆری کتێبـی بنچینەیـی کـە بـە باشـی خراونەتـە ڕوو، بۆیـە دە گەنجینـەی وەقفـم بەجـێ هێشـتووە، کـە هاوشـێوەیان لـە جیهانـدا نەمبینیـوە((.

(١٩٩٦،ج٤،ص ص٢٥٤-٢٥٥)، بـە هەمـان شـێوە لـە هەرێمـی وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار لـە سـەردەمی (ارسـلان خـان) ی قەرەخانییـەکان بایـەخ بـەکاری وەقـف دراوە بەتایبەتـی لـە دروسـتکردنی ژمارەیەکی زۆری حەمامـات، هەروەها فەرمانی کرد بەدروسـتکردنی قوتابخانـە بۆ فەقێیەکان (النرشـخي،١٩٦٥،ص٤٩).

٤،٤. ٣.زەوییە هاوبەشەکان.

ئـەم جـۆرە زەویانـە دەگرێتـەوە کەلەلایـەن هیـچ کەسـێکەوە خاوەنداریەتـی ناکرێـت، بەڵکـوو خەڵکـی بـەکاری دەهێنـن بـۆ لەوەڕاندنـی ئاژەڵەکانییـان و کۆکردنـەوەی دار و گژوگیـا (المقـدسي،٢٠٠٣،ص١٢١) زۆر جاریـش لـەم جـۆرە زەوییـەدا ڕووەکـی وەرزی تێـدا دەچێنرێـت و دەخرێتـە خزمەتـی بەخێوکردنـی مەڕومـاڵات و ئاژەڵانـەوە (الجـبراني،٢٠١٥،ص١٧٨) لـە شـێوەی زەوی میـری دەچێـت و وەکـوو موڵکـی دەوڵـەت وایـە بـە بەڵگـەی ئـەوەی هەرکەسـێک سـوود لـەم جـۆرە زەویانـە وەربگرێـت دەبێـت باجـی دەیـەک بـدات بـە دەوڵـەت (الحديثـي،١٩٨٠،ص٤٥)، ئـەم جـۆرە زەوییـە ناوچەیەکـی فرەوانـی لـە هـەردوو هەرێمـی خوراسـان وماوراءالنهرگرتووەتـەوە پێـی دەڵێـن المـرج[٢٤]، وەکـوو ئـەو مروجـە فرەوانـەی دەکەوێتـە نێـوان هینـد وغەزنـە وهەروهـا دەکەوێتـە سـەرخەس نزیـک نسـیابور (الحمـوي،ج٤ ص١١١،ج٣،ص٤٤٥) هەروەهـا ئـەو لەوەڕگـە فرەوانـەی دەکەوێتـە گونـدی درغـم لـە نیسـابور (المقـدسي،٢٠٠٣،ص١٢٢).

٦. لیستی سەرچاوەکان:

٦. ١. کتێب:

سەرچاوەی ڕەسەن.

ابـن الاثـير، عزالديـن أبي الحسـن عـلي بـن محمـد بـن عبدالكريـم (ت ٦٣٠هـ/ ١٢٣٢م).
الكامل في التاريخ، المطبعة المنيرية، القاهرة، ١٣٥٧هـ.
- ابـن الجـوزي،أبي الفـرج عبدالرحمـن بـن عـلي بـن محمـد (ت ٥٩٧هـ/ ١٢٠٠م).
٢-المنتظـم في تاريـخ الملـوك والامم،تحقيق:محمـد عبدالقـادر عطـا، مصطفـى عبدالقـادر عطـا، دار الكتـب العلميـة، بـيروت،١٩٩٢.
-ابن الزبير، أبو الحسن أحمد بن القاضي الرشيد(ت.ق.٥هـ/١١م).
٣-الذخائـر والتحـف، محمـد حميداللـه، مراجعـة: صـلاح الديـن منجـد، سلسـلة الـتراث العربي،الكويـت، ١٩٥٩.
-ابن بطوطة، أبو عبدالله محمد بن عبدالله اللواتي (ت٧٧٩هـ/١٣٧٧م).
٤-رحلـه ابـن بطوطـة المسـماة(تحفة النظـار في غرائـب الامصـار و عجائـب الاسـفار)، تحقيق:عـلي المنتـصر الكناني،مؤسسـة الرسـالة،ط٤، بـيروت، ١٤٠٥هـ.
-ابن تغري بردي، جمال الدين ابي المحاسن يوسف(ت٨٧٤هـ/١٤٦٩م).
٥-النجـوم الزاهـرة في ملـوک مـصر والقاهـرة، دار الكتـب المصريـة، القاهـرة، ١٩٩٣.
-ابـن البيطار،ضياءالديـن ابـو محمـد عبداللـه بـن احمـد المالقـي(ت ٦٤٦هـ/ ١٢٤٨م).
٦-تنقيـح الجامـع لمفـردات الادويـة والاغذية،تحقيق:محمـد العـربي الخشـاب، بـيروت، ١٩٩٠.
-ابن حوقل، أبوالقاسم محمد بن علي النصيبي(ت٣٦٧هـ/٩٧٧م).
٧-صورة الارض، نوابغ الفكر،القاهرة، ٢٠٠٩.
-ابـن خرداذبة،ابـو القاسـم عبيداللـه بـن عبداللـه (تـوفي في حـدود ٣٠٠هـ/٩١٢).
٨-المسالک والممالک مطبعة بريل،ليدن،١٨٨٩.
-ابـن العـماد الحنبـلي، ابـو الفـلاح عبدالحـي بـن عـلي بـن محمـد (ت ٤٨٢هـ/ ١٠٨٩م).
٩-شـذرات الذهـب في اخبـار مـن ذهـب، دار احيـاء الـتراث العـربي بـيروت،د.ت.
-ابن كثير، أبو الفداء اسماعيل بن عمر(ت٧٧٤هـ/١٣٧٢م).
١٠-البدايـة والنهايـة، تحقيـق: جـودة محمـد جـودة واخـرون، القاهـرة،

٢٤. المرج:کۆکـەرەوەی المـروج زەوییەکـی فرەوانـە گژوگیـاو دەوەنـی زۆری لێیـە بـۆ لەوەڕاندنـی ئاژەڵـەکان بەکاردێت.بۆزانیـاری بڕوانە:ابـن منظـور،١٤١٤هـ، ج٢،ص ٣٦٤؛مصطفی واخـرون،د.ت،ج٢،ص ٨٦١.

٢٠٠٦.
-ابــن منظــور، أبــو الفضــل محمدبــن مكــرم بــن عــلي بــن أحمــد الانصــاري(٧١١هـ/١٣١١م)
١١ - لسان العرب،دارصادر، بيروت، ١٤١٤هـ.
ابــو شــامة، شــهاب الديــن عبدالرحمــن بــن اســماعيل المقــدسي (ت ٦٦٥هـ / ١٢٦٧م).
١٢-الروضتــين في اخبــار الدولتــين النوريــة والصلاحيــة، الهيئــة المصريــة العامــة للكتــب، القاهــرة، ١٩٦٩.
أبوالفداء، عمادالدين اسماعيل بن محمد بن عمر (ت٧٣٢هـ/١٣٣١م).
١٣-تقويــم البلدان،تصحيحه:رينــود، والبــارون مــاك كوكــين ديســلان باريــس،١٨٤٢.
الادريسي، أبو عبدالله محمد بن عبدالله بن ادريس(ت٥٦٠هـ/١١٦٤م).
-الاصطخــري، أبــو اســحاق ابراهيــم بــن محمــد الفــارسي المعــروف بالكرخــي (ت٣٤١هـ/٩٥٢م).
١٤-مسالك الممالك،تحقيــق :محمــد جابــر عبدالحــال، مراجعــة: محمــد شــفيق غربــال، دار العلم،القاهــرة،١٩٦٥.
١٥-نزهــة المشــتاق في اخــتراق الافاق،مكتبــة الثقافيــة الدينية،القاهــرة، ٢٠٠٢.
الانطاكــي، داود بــن عمــر انطاكــي(ت١٠٠٨هـ/١٥٩٩).١٦- أولي الالبــاب والجامــع للعجــب العجــاب، المكتبــة الثقافية،بــيروت،٢٠١٩.
-البلخي، ابو زيداحمد بن سهيل(ت٣٤٠هـ/٩٥١م).
١٧-صورة الاقاليم، مكتبة الحكيم، العامة، النجف، د.ت.
البيروني، أبو الريحان حمحمد بن أحمد(ت٤٤٠هـ/١٠٤٨).
١٨-الاثار الباقية عن القرون الخالية، مطبعة لايبزك، بيروت،١٩٢٣.
البيهقي، ابو الفضل محمد بن الحسين (ت٤٧٠هـ/١٠٧٧م).
١٩-تاريــخ البيهقــي، ترجمة:يحيــى الخشــاب و صــادق نشــات، مطبعــة دار الطباعــة الحديثــة، القاهــرة،١٩٦٥.
الثعالبــي، أبــو المنصــور عبدالملــك بــن محمــد بــن اســماعيل (ت ٤٢٩هـ / ١٠٣٧م).
٢٠-لطائــف المعــارف، تحقيــق: ابراهيــم الابيــاري وحســن كامــل الصــيرفي، دار احيــاء الــتراث العــربي، القاهــرة، ١٩٦٥.
٢١-يتمــة الدهــر، تحقيــق: مفيــد محمــد قميحــة، دار الكتــب العلميــة، بــيروت، ١٩٨٣.
-الحميري، محمد بن عبدالمنعم (ت٩٠٠هـ/١٤٩٤م).
٢٢- الــروض المعطــارفي خــبر الاقطــار، تحقيــق: احســان عبــاس، مؤسســة نــاصر للثقافــة، طبــع عــلى مطابــع دار الــسراج، ط٢، بــيروت، ١٩٨٠.
-الجوهري، أبو نصر اسماعيل بن حماد(ت٣٩٣هـ/١٠٠٢م).
٢٣-الصحاح(تــاج اللغــة وصحــاح العربيــة)، تحقيــق: احمــد عبدالغفــور، ط٤، مطبعــة دار العلــم للملايــين، بــيروت، ١٩٨٧.
-الخوارزمــي، أبــو عبداللــه محمــد بــن أحمــد بــن يوســف الكاتــب (ت ٣٦٧هـ / ٩٩٧م).
٢٤-مفاتيــح العلــوم، دراســة وتقــدم، عبدالامــير الاعصــم، دار المناهــل للطباعــة والنــشر، القاهــرة، ٢٠٠٨.
-الذهبي، شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان(ت٧٤٨هـ/١٣٤٧م).
٢٥-ســير اعــلام النبــلاء، تحقيــق: شــعيب الارنــاؤوط ومحمــد نعســيم العرقســوسي، ط١٠، بــيروت، ١٩٩٦.
-الراوندي، محمد بن علي بن سلمان(ت٥٩٩هـ/١٢٠٢م).
٢٦-راحــة الصــدور وايــة الــسرور في تاريــخ الدولــة الســلجوقية، ترجمــة: ابراهيــم امــين الشــواربي واخــرون، المجلــس الاعــلى للثقافة،المــشروع القومــي للترجمــة، القاهــرة، ٢٠٠٥.
-ســبط ابــن جــوزي، شــمس الديــن أبي المظفــر يوســف بــن قزاوغــلي التركــي (ت٦٥٤هـ/١٢٥٦م)
٢٧-مــرأة الزمــان في تاريــخ الاعيــان، مطبعــة مجلــس دائــرة المعــارف العثمانيــة، حيــدر ابــاد الدكن،الهنــد، ١٩٥١.
السبكي، تاج الدين عبدالوهاب بن تقي الدين(ت٧٧١هـ/١٣٦٩م).
٢٨-طبقــات الشــافعية الكــبرى، تحقيــق: محمــود محمــد الطناجــي وعبدالفتــاح محمــد الحلــو، القاهــرة،د.ت.
السمعاني، أبو سعد عبدالكريم بن محمد بن منصور(ت٥٦٢هـ/١١٦٦م).
٢٩-الانســاب، تقديــم محمــد احمــد حــلاق، دار احيــاء الــتراث العــربي، بــيروت، ١٩٩٩.
الصابي، ابو الحسن هلال بن المحسن بن ابراهيم(ت٤٤٨هـ/١٠٥٦م).
٣٠-رســوم دار الخلافــة، تحقيــق: ميخائيــل عــواد، دار الرائــد العــربي،ط٢، بــيروت،د.ت.
الطوسي، نظام الملك(ت٤٨٥هـ/١٠٩٢م).
٣١-ســيرة الملوك(سياســت نامــه)، ترجمــة: يوســف بــكار، دار المناهــل للطباعــة والنــشر والتوزيــع، بــيروت،٢٠٠٧.
الغساني، ابو القاسم بن محمد بن ابراهيم.
٣٢-حديقــة الازهــار في ماهيــة العشــب والعقــار، تحقيــق: محمــد العــربي الخطــابي، بــيروت، ١٩٨٥.
-الفيروزابادي، مجدالدين محمد بن يعقوب(ت٨١٧هـ/١٤١٥م).
٣٣-القامــوس المحيــط، اعــداد وتقــدم، محمــد عبدالرحمــن المرعشــلي، ط٢،دار احيــاء الــتراث العــربي، بــيروت، ٢٠٠٣.
قدامة، جعفر بن قدامة(ت٣٢٨هـ/٩٣٩م).
٣٤-الخــراج وصناعــة الكتابــة، تحقيــق: محمــد حســين الزبيــدي، بغــداد، ١٩٨١.
القزويني، زكريا بن محمد بن محمود(ت٦٨٢هـ/١٢٨٣م).

٣٥-اثـار البـلاد واخبـار العبـاد، علـق عليـه وقدمـه حـماة اللـه ولـد السـالم، دار الكتـب العلميـة، بـيروت،٢٠١٣.
٣٦-عجائـب المخلوقـات والحيوانـات وغرائـب الموجـودات، مطبعـة دار القامـوس الحديـث،د.ت.
-القلقشندي، ابو عباس احمد بن علي(ت٨٢١هـ/١٤١٨م).
٣٧-صبـح الاعـشى في صناعـة الانشـاء،تحقيق: يوسـف عـلي طويـل، القاهـرة، ١٩٦٣.
الكرديزي، أبو سعيد عبدالحي بن ضحاك(ت٤٤٠هـ/١٠٤٨م).
٣٨-زيـن الاخبـار، ترجمـة: عفـاف السـيد زيـدان، المجلـس الاعـلى للثقافـة، المـشروع القومـي للترجمة،القاهـرة، ٢٠٠٦.
الماوردي،أبي الحسن بن محمد بن حبيب(ت٤٥٠هـ/١٠٥٨م).
٣٩-الاحـكام السـلطانية والولايـات الدينيـة، ضبطـه وصححـه: احمـد عبدالسـلام، دارالكتـب العلميـة،ط٣، بـيروت، ٢٠٠٦.
مسكوية، ابو علي أحمد بن محمد بن يعقوب(ت٤٢١هـ/١٠٣٠م).
٤٠-تجـارب الامـم وتعاقـب الهمـم، سـيد كـسروي حسـين، دار الكتـب العلميـة، بـيروت،٢٠٠٣.
المقـدسي، شـمس الديـن ابي عبداللـه محمـد بـن احمـد بـن ابي بكـر (ت ٣٨٠هـ/ ٩٩٠م).
٤١-احسـن التقاسـيم في معرفـة الاقاليـم، علـق عليـة وضـع حواشـية: محمـد امـين الضنـاوي، دار الكتـب العلميـة، بـيروت، ٢٠٠٣.
-النرشخي، أبو بكر محمد بن جعفر(ت٣٤٨هـ/٩٥٩).
٤١-تاريخ بخـاري، ترجمـه عـن الفارسـية وقـدم لـه وحققـه وعلـق عليـه: امـين عبدالمجيـد بـدوي ونصراللـه مبشرالطـرازي، دار المعـارف، القاهـرة، ١٩٦٥.
-نظامـي العـروضي السـمرقندي، نظـام الديـن احمـد بـن عـلي (ت ٥٥٢هـ / ١١٥٨م).
٤٢-جهـار مقالـه، المقـالات الاربـع في الكتابـة والشـعر والنجـوم والطـب، ترجمـه عـن الفارسـية: يحيـى الخشـاب، والحـواشي للعلامـة محمـد بنعبدالوهـاب القزوينـي، القاهـرة،١٩٤٩.
النويري، شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب(ت٧٣٣هـ/١٣٣٢م).
٤٣-نهايـة الارب في فنـون الادب، مطبعـة كوستاتسـوماس وشركائـه ،القاهـرة، ١٩٥٤.
-ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبدالله الرومي(ت٦٢٦هـ/١٢٢٨م).
٤٤-معجـم البلـدان، دار احيـاء الـتراث العـربي، مؤسسـة التاريـخ العـربي، بـيروت،١٩٩٦.
القرشي، يحيى بن ادم(ت٢٠٣هـ/٨١٨م).
٤٥-الخراج،صححـه وشرحـه ووضـع فهارسه:ابوالاشـبال واحمـد محمـد شـاكر، مطبعـة دارالمعرفـة، بيـروت، ١٩٧٩.

ژێدەرەکان:
بارتولد، فاسيلي فلاديميروفتش.
١-تركسـتان مـن الفتـح العـربي الى الغـزو المغـولي، ترجمـة: صـلاح الديـن عـثمان هاشـم، مطبعـة شركـة الكاظميـة، الكويـت،١٩٨١.
الثامري، احسان ذنون عبدالطيف.
٢-مدينـة بخـارى، دراسـة في الاحـوال الاجتماعيـة والاقتصاديـة والثقافيـة، مؤسسـة حـمادة للدراسـات الجامعيـة والنـشر والتوزيـع، اربـد،٢٠٠٥.
الجبراني، حسين ابراهيم.
٣- الاوضـاع الاداريـة والاقتصاديـة والاجتماعيـة للامـارات الاسلامية ببـلاد ايـران، دار غيـدا، عـمان، ٢٠١٥.
حسانين، عبدالمنعم.
٤-سلاجقة ايران والعراق،القاهرة،١٩٥٩.
الريس، محمد ضاءالدين.
٥-الخراج والنظم المالية،القاهرة،١٩٧٧.
زامباور.
٦-معجـم الانسـاب والاسرات الحاكمة،اخرجه:زكـي خورشـيد واخرون،مكتبـة دارالكتـب والوثائـق القومية،ط٢،القاهـرة،٢٠٠٨
شريف، علي محمد.
٧- الاوضـاع الحضاريـة في وڵاتـی ئەودیـو ڕووبـار في عهـد الـترك الايلكخانيـين، دارالغيـداء، عـمان،٢٠١٩.
سرور، محمد جمال الدين.
٨- تاريـخ الحضـارة الاسـلامية في الـشرق(في عهـد نفـوذ الاتـراک الى منتصـف القـرن الخامـس الهجـري)، ط٤، مطبعـة دار الفكـر، بـيروت، ١٩٧٦.
- طايع، صلاح سليم.
٩-مدينـة هـراة، دراسـة سياسـية وحضاريـة، النـاشر دار الوفـاء لدنيـا الطباعـة والنـشر، الاسـكندرية،٢٠٠٧.
طرخان، ابراهيم على.
١٠النظم الاقطاعية فى الشرق الاوسط،القاهرة،١٩٦٨.
عاشور وخرون، عبدالفتاح.
١١-دراسـات في تاريـخ الحضـارة الاسـلامية،مطبعة ذات السلاسـل،ط٢، الكويـت، ١٩٨٦.
العمادي، محمد حسن.
١٢- خراسـان في العـصر الغزنـوي، دار الكنـدي للنـشر والتوزيـع، بـيروت، ١٩٩٧
غود فروا.
١٣- النظم الاسلامية، ترجمة: احمد محمود الساداتي، القاهرة، ١٩٦٥.
الفقي، عصام الدين عبدالرؤوف.

١٤-معالم التاريخ الاسلامي، دار الفكر العربي، القاهرة، د،ت.
فامبري، ارمينيوس.
١٥-تاريخ بخاري منذ اقدم العصور حتى العصر الحاضر، ترجمة: احمد محمود الساداتي، راجعه وقدم له: يحيى الخشاب، مطابع شركة الاعلانات الشرقية، القاهرة،١٩٦٥.
-كي لسترنج.
١٦-بلدان الخلافة الشرقية، نقلة الى العربية بشير فرنسيس و كوركيس عواد، بغداد،١٩٥٤.
مصطفى واخرون،ابراهيم.
١٧-المعجم الوسيط، دارالدعوة،القاهرة،د.ت،
محمد، على جمعه.
١٨المكاييل والموازين الشرعية,القديس للاعلان و ا لنشر و ا لتسو يق ، ا لقا هر ة ، ٢ ٠ ٠ ١.
-هانتس، فالتر.
١٩-المكاييل والاوزان الاسلاميةومايعادلها في النظام المتري,ترجمة:كامل العسلي منشورات الجامعةالاردنية,عمان، ١٩٧٦.
الوزونة، يحيى بن حمزة.
٢٠-مدينة مرو والسلاجقة حتى عصر سنجر، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة، ٢٠٠٧.

فارسى:
ثابتى، محمد سيد مؤيد.
١-تاريخ نيسابور، تهران،١٣٣٣ش.
سمرقندى،سوزنى.
ديوان، تصحيح تقديم، ناصردين شاه حسينى مؤسسة چاب أنتشارات امير كبير، تهران، ١٣٣٨ش.
فروزانى، سيد ابو القاسم.
٢-تاريخ تحولات سياسى، اجتماعى، اقتصادى، وفرهنگى ايران در دوره سامانيان، سازمان مطاعة وتدوين كتب علوم انسانى دانشكاه سمت، تهران، ١٣٨١ش.

٦. ٢. نامەی زانکۆیی:
الاسدي، سالي علي بدر. تاريخ دمشق لابن عساكر(٥٧١هـ/١١٧٥م) مصد لدارسة الصلات العلمية بين مدينة دمشق ومدن اقليم ولّاتى ئەوديو ڕووبار، أطروحة دكتوراه، كلية التربية، جامعة بصرة،٢٠١٠.
-الخجافي، عبدالزهر جاسم، مدن الشرق الاسلامي دراسة حضارية احصائية حتى نهاية القرن الثالث الهجري، رسالة ماجستر، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩.
-العامري، هيام عودة محمد، النشاط الاقتصادي في وڵاتى ئەوديو ڕووبار خلال العصر العباسي، أطروحة دكتوراه، كلية التربية، الجامعة المستنصرية، بغداد، ٢٠٠٧.
-قري، ذهبية عاشور أبوكر، اقليم ماوراءالنهر في العصر السلجوقي في الفترة من ٤٢٩-٥٥٨هـ/١٠٣٧-١١٦٢م، أطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الزقازيق،٢٠٠٧.

٦. ٣.توێژینەوە:
-حمزة، محمد جاسم، الحالة الاقتصادية في خراسان في العصر الغزنوي، مجلة العلوم الانسانية، العدد ١٨، كلية التربية صفي الدين الحلي جامعة-بابل، العراق، ٢٠١٣.
-مصطفى، دعاء عبدالرحمن علي محمد.الازمات الاقتصادية في خراسان واثرها على ظهور بعض الامراض الاجتماعية في الفترة من ٤٢٩-٥٩٠هـ، دار المنظومة، جامعة نواكشط، موريتانيا،٢٠٠١٦، العدد ٩.
-زكي، ايمان محمد، التجارة في خراسان خلال العصر السلجوقي٤٨٥-٥٩٠هـ/١٠٩٢-١١٩٤م، حوليات اداب عين شمس،دارالمنظومة، مصر،٢٠١١، العدد ٣٩.

## ملخص

(الزراعة في أقليميى خراسان ولاتى ئەوديو ڕووبار في القرنين الخامس والسادس الهجريين)

هـذا البحـث بعنـوان (الزراعـة في أقليميـى خراسـان وبلادمارواءالنهـر في القرنـين الخامـس والسـادس الهجريـين)، ويتكـون مـن ثلاثـة مباحـث رئيسـية، كل مبحـث ينقسـم إلى عـدة فـروغ، في المبحـث الأول تطرقنـا الى الأراضي الزراعيـة ودورهـا في زيـادة الإنتـاج والتركيـز عـلى الأراضي الزراعيـة ودور خصوبـة التربـة والأراضي الزراعيـة في زيـادة المنتجـات الزراعيـة، والمبحـث الثـاني خصصنـاه للمنتجـات الزراعيـة مثـل الفاكهـة والحبـوب والمنتجـات الزراعيـة الأخـرى في كلا الإقليمـين، أمـا المبحـث الثالـث ركزنـا فيهـا عـلى أنـواع ملكيـة الأراضي الزراعيـة.


الكلمات الدالة : الزراعة، المحصول، التربة، الأرض، المناخ، خصوبة التربة.


## Abstract

(Agriculture in the regions of Khorasan and the countries of the river in the fifth and sixth centuries AH),

. This research is entitled (Agriculture in the regions of Khorasan and the countries of the river in the fifth and sixth centuries AH), and it consists of three main axes, each topic is divided into several discussions. Agricultural products, and the second topic is dedicated to discussing agricultural products such as fruits. And grains and other agricultural products in both regions, while the third topic focuses on the types of agricultural land ownership.


**Keywords**: agriculture, crop, soil, land, climate, soil fertility.